# کۆنگره

ئۆرگانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

ژمارە ٤٨ نەورۆزی ٢٧٠٩ی کوردی


خەبات لەپێناو وڵاتێکی ئازاد و دیمۆکرات و سەربەخۆ


Newsletter of Kurdistan National Congress (KNC) Nr. 48, March - April 2009





دیمانە لەگەڵ رەزا کەعبی (جێگری سکرتێری کۆمەڵە) " ل ١٣"





جەمال نەبەز: کێشەی کوردستان و فەلەستین .... "ل ٢٣"





کامیل ژیر: نەورۆز و سەربەخۆیی کوردستان " ل ٥"





دیمانە لەگەڵ شوان شێخانی سەرۆکی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان " ل ٧"





پەیامی سەرۆکی KNC بەبۆنەی جێژنی نەورۆزەوە " ل ٢"




## جێژنی نەورۆز و ساڵی ٢٧٠٩ کوردیی، لە نەتەوەی کۆیلەی کورد پیرۆزبێت!






نامەی شای کوردستان شێخ مەحموودی حەفید، بۆ سەرۆکی کۆمەڵەی نەتەوەکان، لەرۆژی نەورۆز(٢١ی) ی مارسی ١٩٣١ی زایینی! "ل ٣"

*- راگەیەندراوی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، بۆ یادی (٢١) ساڵەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە ......... ل ١٢

*- راگەیەندراوی هاوبەشی، بەشیک لە حیزب و ڕێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ........................ ل ٣٠

*- لاپەرەی هۆنراوە ............ ل ٢٢

**هاونیشتمانانی هێژا!**

**گەلی وڵاتپارێز و خۆراگری کورد!**



**جێژنی نەورۆز و ساڵی تازەی کوردەواریتان لێ پیرۆزبێت.**

لە هەلومەرجێکدا پێدەنینە ساڵی تازەوە کە داگیرکەرانی کوردستان بە هاوبەشیی لەگەڵ رژێمی داگیرکەری عێراقی نوێ، پیلانێکی هاوبەشیان بۆ لەنێوبردنی دەستکەوتەکانی گەلی کوردمان لە باشوور دارشتووە. هاوکات، لەپێوەندیی لەگەڵ بزاڤی رزگاریخوازیی گەلەکەمان لە باکوور و رۆژهەڵاتی کوردستان، داگیرکەرانی کوردستان بەشێوازی جۆراوجۆرەوە هەوڵدەدەن گوشار بخەنە سەر حکوومەتی هەرێم، بۆ ئەوەی هاودەنگییان لەگەڵدا بکات بۆ لێدانی پارتی کرێکارانی کوردستان و، پژاک. رژێمی ئێران هەروەها داوای کردووە، ئەو پارتی و رێکخراوانەی رۆژهەڵات کە لە باشوور نیشتەجێن، لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە لەسنوورەکانی رۆژهەڵات دووربخرێنەوە. لەئالیی دیکەوە، لەبەشێکی دیکەی وڵاتەکەمان واتە لە رۆژاڤای کوردستان، رژێمی داگیرکەر و رەگەزپەرستی سووریا لەساڵی رابوردوودا، بەردەوامبوو لە گرتن و شکەنجەدان و، کوشتنی لاوان و ئازادیخوازانی گەلەکەمان.

بەکورتی، گەلەکۆمەی رژێمەکانی داگیرکەری ئێران و تورکیا و سووریا، لەدژی بزاڤی رزگاریخوازیی کورد لەهەموو بەشەکانیدا، دۆخێکی پرمەترسی و هەستیاری بەرەورووی کورد و کێشەرەواکەی کردووەتەوە. ئەمەش، ئەرک و بەرپرسیارەتییەکی گەورەتر بەرامبەر چارەنووسی نەتەوەکەمان و خەباتی رەوا و لەمێژینەی، دەخاتە ئەستۆی هەموو حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان و، بەگشتی هەموو ئەوانەی بۆ ئازادی و رزگاریی نەتەوەکەیان تێدەکۆشن، کە واز لە ناکۆکی و ناتەبایی بهێنن و، بەهەست و باوەرێکی نەتەوەییەوە یەکبگرین و، پلاتفۆرمێکی هاوبەشی سیاسی و نەتەوەیی دابرێژین، بۆ ئەوەی بتوانین پیلانی داگیرکەرانی کوردستان پووچەڵ بکەینەوە و، پێ بنێینە نێو شارێی خەباتی پیرۆزی رزگاریی نیشتمانییەوە و، خاک و نەتەوەکەمان لەژێر دەستی داگیرکەرانی خوێنرێژ بهێنینە دەرەوە و، بناخەی کوردستانێکی ئازاد و دیمۆکرات و سەربەخۆ دابرێژین.

**لە کۆتاییدا، جێژنی نەورۆز و هاتنی ساڵی ٢٧٠٩ی کوردی لە بنەماڵەی شەهیدان، لە هەموو ئەو تێکۆشەرانەی لە زیندانەکانی رژێمەکانی داگیرکەر لەژێر ئەشکەنجە و لێداندان، لە هەموو کوردستانییەکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر پیرۆز دەکەم.**

**هیوادارم ساڵی نوێ، بێتە ساڵی تەبایی و ئاشتی و یەکگرتن و، ساڵی رزگاریی یەکجارەکی و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بێت.**

**براتان:**

**جەواد مەلا**

**سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

**٢٠/٣/٢٠٠٩ ی زایینی، (مانگی نەورۆزی ٢٧٠٩ی کوردی).**

# نامەی شای کوردستان شێخ مەحموودی نەمر، بۆ سەرۆکی کۆمەڵی نەتەوەکان، لەڕۆژی نەورۆز (٢١) ی مارسی ١٩٣١ی زایینی!

خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە هاواروسکاڵای نەتەوەیەکتان پێرابگەیەنم، کە ئێوەی بەڕێز راستەوخۆ چاودێریتان بەسەرییەوە بووە. دەڵێن ئەوەی سەرپەرشتیکردن بگرێتە ئەستۆی خۆیەوە، پارێزگاریکردنیشی لە ئەستۆ دەبێت. شانازییەکی بەرزە بۆ من کە یەکێکم لە ئەندامی ئەو نەتەوەیەی کە بەشێکی لە کوردستانی خوارو دا دەژین، کە بەعێراقەوە لێکندراوە.

بەڕێز، دەمەوێ سەرنجتان بۆ ئەو بابەتە رابکێشم، کە ئەم خاکە لە لایەنی هێزو لەشکری سوێندخۆرەکانەوە، وەک **"میزوپوتامیا" (بین النهرین)** داگیرنەکراوە و نەگیراوە. گەلی کورد لەساڵی ١٩١٨دا دەستیدایە چەک و هێزوسوپای تورکیای ناچارکرد کە کوردستان بەجێبهێڵێت. کورد سەربەخۆیی خۆی راگەیاند و، بەناوی مەملەکەتی کوردستانی باشوورەوە حکوومەتی دامەزراند. ئیدارەو چارەنووسی خۆیان گرتەنێو دەستی خۆیان. ئەمە لە کاتێکدا، عێراقی عەرەبی بەرەورووی کێشە و پشێوییەکی زۆر هاتبوو. هێشتا لەشکری وڵاتانی یەککرتوو هەر لە جەنگدا بوون. داخەکەم ئێمەی کورد، نەتەوە و خاکمان لە دواییدا لکێندرا بە عێراقەوە.

ئەوروپاییەکان کە دەیانگوت: **"ئێمە بۆ پارێزگاریی یەکسانی و دادپەروەریی دەستیداوەتە چەک و بەکارهێنانی هێز، لەرووی راستیی لانادەین و بەرامبەر بەناراستیی هەرگیز ناگەڕێینە دواوە و، بەرامبەر بە مافی نەتەوەکان پاشگەز نابینەوە،"** لە بەرامبەر ئەم ستەمە ئاشکرا و گەورەیەدا بێدەنگ مان.

ئێمە کە خاوەنی حکوومەتی خۆمان بووین، چارەنووسی ئێمەتان گرێدا بە چارەنووسی نەتەوەیەکی دیکەوە، لەکاتێکدا زمان و داوونەرێت و رەگەز و زمان و مێژوو و، روخساریشمان لەگەڵیەک جیاوازیی هەیە. سەرەڕای ئەمانە، ئێمە بەو بەڵێنەی کە کۆمەڵی گەلان سەبارەت بە دانی ئۆتۆنۆمییەکی تەواو بە باشووری کوردستان دابووی پێمان، دڵخۆش بووین. بەڵام پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێک، ئەم بەڵێنەی کۆمەڵی گەلان نەتەنیا جێبەجێ نەکراون، بەڵکو بەتاوانی جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی دراون بە کورد، یان بەتاوانی ئەوەی ئامادەنەبووین لە هەڵبژاردنی زۆرەملیدا بەشداربین و، نامانەوێت ببین بە عەرەب، رۆژ نییە، ژنان و منداڵان و پیرولاوی ئێمە نەکەونە بەر هێرش و ئاگری بۆمبای فرۆکە و دەسرێژی گوللە.



بەتاوانی بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردندا کە ویست و داخوازی ئەو دەوڵەتە بوو، پەیمانێک کە حاشا لە هەموو مافێکی کوردان دەکات، دەوڵەتی عەرەبی عێراق لە بۆمبابارانکردنی شاری سلێمانی پێتەختی حکوومەتی باشووری کوردستان و لە کوشتنی خەڵکی ئەم شارە سڵناکات و هەوڵی ئەوە دەدات کۆشکی هیوا و ئاواتی کوردان تێکبرووخێنێت. ئێمە پێمانوایە رژاندنی گوللە و بۆمبا بۆ سەر گیانی کوردستانی باشوور، لەڕاستیدا هێرشکردنە بۆ سەر ئاوروو و نێوبانگی کۆمەڵی گەلان، چونکە کورد لەژێر چاودێریی کۆمەڵی گەلاندایە. ئەگەر هێزەکانی دەوڵەتی عەرەبی عێراق، لەلایەن فرۆکە و لەشکری دەوڵەتی ئینگلیزەوە پشتیوانیی نەکرایە، کە کۆمەڵی گەلان سەرپەرشتیی ئەم گەلانە بە ئینگلیز سپاردووە هەتا لەژێر ناوی کۆمەڵی گەلانەوە ئەو نەتەوانە بەڕێوە بەرێت، کورد

دەیتوانی زۆر بەهاسانیی، هێرش بۆ سەر بەغدا بکا و داگیری بکات.

ئێمە ئامادەین و، لە داهاتووشدا ئامادە دەبین، لەبەرامبەر عەرەبدا پارێزگاریی لە نیشتمانی خۆمان بکەین. بەڵام لەبەر ئەوەی نامانەوێ لەگەڵ دەوڵەتی ئینگلیز بەشەڕ بین کە بەنێوی کۆمەڵی گەلانەوە هەڵسوکەوت دەکات، بە پێویستمانزانی سکاڵای خۆمان بێنینە بەر ئەم کۆمەڵە و داواخوازی جێبەجێکردنی ماف و دادپەروەریتانین. لەڕاستیدا، بەلایەنی ئەوەوە کە نیشتمانی ئێمە بە ئێراقەوە بلکێندرێ و، بەزۆری چەک ئەم گرێدانە بە عێراقەوە بسەپێندرێ بەسەرماندا، ئەوا دڵنیاتان دەکەین، هیچکاتێک ئاشتی و ئاسایش لەم سووچەی دنیادا دابین ناکرێت! هەتا کاتێک نیشتمانی کورد، نەدرێتە دەستی ڕۆڵەکانی کورد خۆی، تا زەمانێک دەوڵەتێکی کوردی لەم بەشەی کوردستاندا دانەمەزرێ و، کورد دەسەلاتی ئەم ناوچەیەی خۆی نەگرێتەدەستی خۆیەوە، هیوای ئەوە ناکرێ کە ئاشتی و هێمنی لەم مەڵبەندەدا بەدیبێت!

گەلی کورد کە خاوەنی ڕابوردوویەکی مێژوویی چەند هەزارساڵەیە، لە سەردەمانی یەک لەدواییەکی مێژوودا، هەموو کاتێک توانیویەتی و زانیویەتی لەبوونی نیشتمانی و مێژوو و دامەزراوی نەتەوەیی خۆی پارێزگاری بکات، ئێستاکەش سوورە لەسەر داکۆکیکردنی چەکدارانە لەخۆی و لە شەرافەتی. کورد ئامادەیە هەتا دواکەسی بمرێ، بەڵام سەر کۆیلەتی بۆ عێراق شۆڕنەکات! ئێمەی کورد خوازیاری دۆستایەتی و برایەتین لەگەڵ هەموو نەتەوەیەکدا، بەرامبەر هیچ نەتەوەیەک ڕق و کینەمان لەدڵدا نییە. نەتەوەی ئێمە کە توانیویەتی بە سەرفرازی و ئازایەتی و غەریزەی قارەمانێتی و هۆش و لێهاتوویی خۆی بگاتە پلەیەکی بەرز لە مێژووی نەتەواندا، ئێستا دەبینێ مافی چارەنووس، کە تەنانەت بە هێندێک لە کۆمەڵانی بەدەوی ئەفریقا وەکو لیبریا دراوە، بەڵام نەتەوەی کورد لەو مافە بێبەشدەکرێ. بەتایبەت لەماوەیەک لەمەوبەرەوە، دەوڵەتی عەرەبی عێراقی کە تووشی نەخۆشی توندی ڕەگەزپەرستی بووە، بە پشتبەستن بە دەوڵەتی ئینگلیز، هەوڵدەدات بەڕێگەی خوێناویترین کردەوەی فاشیستانەوە خۆڕاگریی ئێمە تێکبشکێنێ و، بە چۆکماندا بێنێت. سەدان کوردی بێچەک، بێئەوەی بچووکترین دەستدرێژییان بۆ سەر کەس بووبێت، تەنیا بەتاوانی دەربڕینی بیروڕای سیاسیی خۆیان، بێبەزەییانە دراونەتە بەر دەسرێژی گوللە و بۆمبا. لە ئاکامی ئەم هەمووە تاوان و بێدادییەیە کە گەلی کورد ناچاربووە دەستبداتە چەک. خوێنڕشتن و ئاگرباراندن ناتوانێت مێژوو بگۆڕێت و بیسڕێتەوە. ناتوانێ بە ملیۆنان کورد و ڕەگەزی سەلاحەدین و کەریمخانی زەند بگۆڕێت و بیانکات بە عەرەب، یان تیرەیەکی تر.

گەلی من، هەروەها من خۆشم بەهیچ شێوەیەک دەمارگیریی ئاینی، یان یاخی و تینووی خوێنڕشتن نین و، نامانەوێت ئاژاوە بنێینەوە. ئەگەر دەستمانداوەتە چەک، تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ئێمەیان بەم کارە ناچارکردووە. ئێمە داوای ئەوە ناکەین کە حاکم و زاڵ بین بەسەر نەتەوەی دیکەدا و، چاومان لە خاک و وڵاتی هیچ گەلێکی دیکە نییە، بەڵام ڕازیش نابین بێگانە حاکم و فەرمانڕەوامان بێت. ئێمە تەنیا دەسەڵات و سەرۆکایەتی و فەرمانداریێتیی خۆمان دەوێت. کە ئەوەش ئاوات و داخوازییەکی پیرۆزە. هەر لەپێناو ئەم داخوازییە پیرۆزەدا بوو کە لە شەڕ ئەم دواییەدا چەندین هەزارمرۆڤ گیانی خۆی بۆ بەختکرد. بۆ داوای ئەو مافەیە کە کۆمەڵی بەشەرەفی ئێوە بۆ ئێمەی کوردی داناوەو ڕەوای بینیوە و لەیەکەم ڕۆژەوە پەسندی کردووە. ئیزنم پێبدەن سەرنجتان بۆ ئەوە ڕاکێشم، لێنەوەشاوەی و بەدکاری و بیروباوەڕو خراپی و ئامانجی نالەباری بەڕێوەبەران و کاربەدەستانی عێراق بووەتە هۆی پێکهاتنی ئەم ئاژاوەیە، هەتا مافمان پەسند نەکرێت، قەت دەستهەڵناگرین. جا داوا و داخوازیمان ئەوەیە کە باوڕ بەسەربەخۆیی و ئیستیقلالمان بکرێت و، نیشتیمانمان ئازادبکرێت و ئەم مافەمان لەژێر پەناو ئینتیدابی سەرۆکایەتیی بەشەرەفی نەتەوەکاندا ڕاستو ڕاست - ئیعتراف و پەسند بکرێت. بەناوی ئیستیقلالی حکوومەتی کوردستانی جنوبی - یەوە. هیچ پێوەندی وپەیوەستێکمان لەگەڵ حکوومەتی مەلیکی عێراقدا نەمێنێت - چۆنکە ئەمانە (ئینگلیز - عێراق) لەنێو خۆیاندا بە پەیمان و گرێبەستێکی تازە کۆتاییان بە - ئینتیدابی بەریتانیا هێناوە. لەبەر ئەوە پاش ئاگاداربوونتان لە کێشەی ئێمە، چاوەڕوانین چارەسەری بکەن.

**کۆمەڵەی بەشەرەفی ئێوە بە لەبەرچاوگرتنی نێوەڕۆکی ڕووداوەکانیش بووبێت، دەبێ لە بڕیاری خۆتان پاشگەز نەبێتەوە کەلە ساڵی ١٩٢٥ دا بڕیارتان لەسەرداوە.**

**بەڕێز، هیوادارین ڕێزی بێپایانمان قبول بفەرموون.**

**بەناوی دانیشتوانی کوردستانی جنووبییەوە شێخ مەحمود**

**٢١ی مارتی ١٩٣١**

# نەورۆز و سەربەخۆیی کوردستان لە پەیامێکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان سەرکردەیەتی باشووردا

نەورۆز، هەر تەنیا رۆژێکی نوێی وەرزەکانی ساڵ نییە، بەڵکو سونبلی رزگاری و سەربەخۆییشە بۆ نەتەوەی کورد. سەربەخۆییەک کە بەزەبری هێزو بەپشتی جەماوەر بە دەستهات. **هێزی ئەو رۆژەی کوردیشی لە چەکوشە گەورەکەی کاوەی خاوەنی بازووی پتەو و جەماوەرە ستەملێکراوە دووکەوتوەکەی کاوەدابوو.**

ئەشی لە نەورۆزەوە ئەوە فێربین کە کارکردی یەکەم بۆ رزگاریو سەربەخۆیی نەتەوەی کوردی ستەملێکراومان لە سەرتاسەری کوردستانداو پاراستنی ئەو سەربەخۆییەو گەشەسەندنی, ئەوساو ئێستاو داهاتووش، هەمیشە لە ئاوێتەبوونی بیرو هێزو جەماوەرەوە سەرچاوە دەگرێتو دێتەدی.

بیر، سەرکردەی لێهاتوو وەبەردێنێ. سەرکردەش دەشێ تاکە کەسبێ، یا رابەرایەتیکەی بەکۆمەڵ بێ. لێهاتوویی سەرکردەش لە زاناییو پاکیو ئازایەتیو لەخۆبوردەییو پشتبەستن بە جەماوەری گەلەکەیدایە. سەرکردەی نەزانو گەندەڵو خۆپەرستو پشتنەبەستوو بە جەماوەری گەلەکەی، نەک هەرخۆی، بەڵکو نەتەوەکەشی ئەدۆڕێنێ. مێژووی دێرینمان پڕە لەو نموونانە.

**کاوەی ئاسنگەر، سەرکردەیەکی بەهێزبوو، پاکبوو، پشتیشی بەجەماوەرەکەی بەست، بۆیە توانی ئەژدەهاکی ستەمکار لەناو بەرێ. بەڵام چۆنکە سەرکردەیەکی زاناو رۆشنبیر نەبوو، نەیتوانی جڵەوی فەرمانڕەوایی بگرێتە دەستو نەیتوانی ئەو رزگاریو سەربەخۆییەی بەدەستی هێنا، بیانپارێزێ.** ئەوانەی پێیاندەوترێ سەرکردایەتی کورد بە گشتیو سەرکردایەتی قەوارە سیاسییەکەی باشوری کوردستان بەتایبەتیی، راستە هەر یەکەو رابردوویەکی خەباتی شاخو شاریان هەیە کەم یا زۆر هێزیشیان بەکارهێناوە. بەڵام مەرجەکانیکەی وەک زاناییو لەخۆبوردەییو نەهێشتنی گەندەڵییان تێدا نەبووەو نییە. لەبەر ئەوە کەشتیی سەربەخۆیی بە وێنەی وەک ئەوان ناگەیەنرێتە کەناری ئارامی. ئەوانە لە رووی نەزانینەوە، وا دەزانن ئەنجامێکی وەک خودموختاری یا فیدراڵی لەبەدەسهێنانی سەربەخۆیی ئاسانترە. ئەوانە لەرووی بێباوەڕیی بەخۆیانەوە، دەڵێن ئێستا سەردەمی هێز نەماوە و سەردەمی گفتوگۆیە، ئەوانە لەرووی نەبوونی هوشیاریی نەتەوەییەوە، لەژێر یەک چەتری کۆنگرەیی یا بەرەییدا کۆنابنەوە. ئەوانە یا دوورن لە جەماوەری کوردەوە، یا گەندەڵی بەسەر ئەو جەماوەرەوە ئەکەن.



راستییەکەی، بەدەستخستنی

خودموختاری، یا فیدراڵی بۆ بارودۆخی ئێستای کورد، له سەربەخۆیی گرانتره. چۆنکه ئەوانه گرێبەستن لەگەڵ داگیرکارانی کوردا، ئەو داگیرکارانەش نیشتمانی کورد به مڵکی خۆیان دەزانن‌و به گفتوگۆ دەستبەرداری نابن. گرێبەستیش، ئەگەر لەبەر هەر هۆیەک، بکرێت، کاتیی ئەبێ‌و هەر لایەنێکی گرێبەستەکه، که بەرژەوەندیی نەما، لێی دەرئەچێ. ئەنجا ئەمانه کەش‌و هەوای دیمۆکراسییان دەوێ کەلای داگیرکارانی کوردستان بوونیان نییه. خودموختاری‌و فیدراڵی، کێشەی ناوخۆیین‌و پشتگیریی نێودەوڵەتیان نابێ. نەتەوەیەک له ژێر سایەی خودموختاری‌و فیدراڵیدا گەشه ناکات. ئەوانه سیستمی فەرمانڕەواییین نەک مافی نەتەوەیەک. دەشێ بەپێی سیستمێکی فەرمانڕەوایی، پێڕەوی خودموختاری یا فیدراڵی بکرێت بەبێ ئەوەی کێشەیەکی نەتەوەیی له ئارادا هەبێ.

سەربەخۆیی، خواست‌و ویست‌و مافی نەتەوەیەکه، که دەهێنێ شۆڕشی بۆ بکرێ‌و گیانی بۆ ببەخشرێ. سەربەخۆیی گرێبەستێکی کاتیی نییه‌و ڕەزامەندیی داگیرکارانی ناوێ‌و پاشگەزبوونەوەشی تێدا نییه و پشتگیریی نێودەوڵەتیشی دەبێ بەهیوای بەرژەوەندییەکانیان، بەتایبەتی بۆ وڵاتێکی وەک کوردستانی خاوەنی نەوت و ئاو و ژینگەی خاوێن و پڕ هەتاو و پرکەرەستەی خاوی پێویست بۆ پیشەسازی‌و کشتوکاڵ. گیانی فیداکاریش بۆ سەربەخۆیی لەپێشترو ئامادەتره. وەک بەڵگه نەویستێکیش، ئەوەی به نەتەوەی کوردمان کرا لەپێناوی ئۆتۆنۆمییەکدا، لەوە زیاتری پێنەدەکرا بۆ سەربەخۆیی. ئەوەی ئێستا لەدەوڵەتی عێراقدا پێیدەوترێ فیدراڵی، ئەوە، یەکەم: مەرجەکانی فیدراڵی تێدانییه. دووەم: ئەوە تەنیا له فەرهەنگی لایەنی کورددیدا فیدراڵییه. لایەنەکانیکه گاڵتەیان پێدێ‌و له خۆئامادەکردندان بۆ لەناو بردنی ئەو ناوە بێناوەرۆکەی سەرکاغەزی دەستوور.

دەرگای سەربەخۆیی لەهیچ نەتەوەیەک دانەخراوە، سەربەخۆیی یا له هەلێکدا بەدەستدەخرێ، یا بەپێی بەرنامەیەکی زانستی. لەهەردوو بارەکەشدا، ئامادەیی و لێهاتوویی سەرکردەیەتی ئەو نەتەوەیه بۆ سەربەخۆیی پێویسته. لەئەنجامی هەر کودەتایەک، یا جەنگێکی جیهانی، یا ناوچەییدا، هەل بۆ سەربەخۆیی دەرەخسێ. له ڕابردووی نزیکماندا، دوای ڕاپەڕین و ڕەوە بەکۆمەڵەکه و بڕیاری ٦٨٨ و ٩٨٦ و ناوچەی ئارام و هەرێمی نەفرین و چەکوشی ئامادە و هێلی ٣٦ و، لەکاتی ڕووخانی ڕژێمی بەعسیشدا، هەلی سەربەخۆیی بۆ باشووری کوردستان ڕەخسا. بەڵام نەبوونی سەرکردایەتییەکی لێهاتووی سەربەخۆییخواز، ئەو هەلەی لەدەستدا. هەرچەنده هێشتا شتێک بەبەر نیمچه قەوارە سیاسییەکەی هەرێمی کوردستانەوە ماوە، بۆئەوەی بکرێتە بەردی بناغەی سەربەخۆیی، ئەگەر سەرکردەیەتییەکی کارامەو خاوێن‌و زاناو ئازاو پشتبەستوو بەنەتەوەی کورد، جڵەوبگرێتەدەست و سوپایەکی خاوەن چەکی مۆدێرن دەستەبەرکرا، وەک چەندین لەو وڵاتانەی ڕێژەی داهاتیان ناگاتە ڕێژەی داهاتی ئەم هەرێمە. ئەمڕۆ زۆرێک له دەوڵەتان چاویان بڕیوەتە ئەو دەریای نەوتەی لەژێر خاکی کوردستاندا هەیە، ئەمەش هەڵێکی زێڕینە بۆ سەربەخۆیی. هەڵبەت ڕێگەکەش بۆ سەربەخۆیی هەیە که وتەی زیاتر هەڵدەگرێ‌و لەم پەیامەدا مەودا نییە.

**بەدوای نەورۆزی ئەمساڵماندا له ١٨/٠٤/٢٠٠٩دا شەشەمین کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان له لەندەن دەبەسترێت. ئێمەش وەک سەرکردایەتی باشووری ئەو کۆنگرەیە، چەپکه گوڵی پیرۆزبایی پێشکێش به شەشەمین کۆنگرەمان دەکەین و بەهیواین حەوتەمین کۆنگرە لەسەر خاکی کوردستان ببەسترێت و، هاوکات هەموو سەرکردایەتی کۆنگرەو هەموو ڕۆشنبیرانی سەربەخۆییخواز لەهەندەرانەوە بنکەی نیشتەجێبونیان بەهەمیشەیی بگوێزنەوە بۆ کوردستان، چونکە کێڵگەی ڕەسەنی کوردایەتی، کوردستانەو کوردستانیش پێویستی به ڕۆڵه بەئەمەکە سەربەخۆییخوازەکانی هەیەو کات کاتی گواستنەوەی گفتارە له دوورەوە، بۆ کردار له نزیکەوە. کرداریش یەکبوونی دەوێ‌و سەرەتای کاریش هەموو یەکبوونە ئەویش نابێ هەتا هەربڕینێ که له دڵدا هەیە سارێژی نەکەی.**

**بەردەوامبێ نەورۆزی ڕزگاریی!**

**سەرکەوتووبێ کونگرەی نیشتمانی**

**له پێناوی کوردستانێکی سەربەخۆو ئازاددا!**

**کامیل ژیر**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – سەرکردەیەتیی باشوور**

**٢٠٠٩/٣/٢١**

# دیمانەی کۆنگره لەگەڵ ڕێزدار شوان شێخانی، سەرۆکی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان

**کۆنگره: سەرەتا، کورتەیەک لە مێژووی دامەزراندنی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان بۆ خوێنەرەوەی کۆنگره باس بکەن. هۆی سازکردنی پارتێکی سیاسی بەم نێویەوە چی بوو؟**

**و:** سەرەتای بیرۆکەی دروستبوونی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٨، بۆ کۆتایی ساڵانی هەشتاکان. لە ئاکامی تێکشکان و داڕمانی فیکری بەستەڵۆکی و دۆگمای سۆڤیەت و پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت لە سەردەمی گۆرباشۆف و کارتێکردنی ڕاستەوخۆی ئەو هەرەسە لەسەر پارتە کۆمۆنیستەکانی جیهان، لەوانە پارتی کۆمۆنیستی عێراقی، بۆیە ئەو هزرە کوردستانییەی کە لە ساڵانی شەستەکانەوە لەسەردەمی شەهیدی نەمر جەمال حەیدەری و نافع یونس ... لە ناو کێشە و ململانێی سیاسی و فکری ڕێکخراوەییدا بوون، لە سایەی گلاسنتۆست و پرۆسترۆیکا تەقینەوە، **حیزبی شیوعی عێراقی (حشع)** نەیتوانی زیاتر بەرهەڵستی و مقاوەمەتی فیکری کوردستانییەکان دابگرێت، چونکە ئەو حیزبە خۆی کەوتە بەر کۆمەڵێک پرسیار و ڕەخنە کە لە داهاتوودا بەشی شێری شکستەکانی بەر کەوت.

شوعییە کوردستانییەکانی ناو شاخ و پێشمەرگەکانی ئەو ساکە، کە زۆرینەی ڕێکخستنەکانی شوعییەکوردەکانی هەرێمی کوردستانی ئەو حیزبەی پێکدەهێنا، خوازیاربوون بە پێکهێنانی پارتێکی کۆمۆنیستی کوردستانی لە شێوەی حیزبەکەی شەهیدی نەمر جەمال حەیدەری، کە لە بنەڕەتدا لە هەموو بوارە فکری و سیاسی و ڕێکخراوەییەکان لەگەڵ



حشع دا جیاواز بێت، بۆ بە پراکتیککردنی ئەو هزرە نوێیانەش چەند بڵاوکراوە و نامیلکەیەکی جۆراوجۆر لە ناوەوەی کوردستان بڵاوکرایەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندەران، دەستەیەکی ڕۆشنبیری شوعییەکوردستانییەکان لە ڕۆژنامەی **"سەردەمی نوێ"** ی ئەوساکە دا چەندان بابەتی فیکری و سیاسی و هزری ئەو تەوژمەیان ڕاگەیاند.

بزوتنەوەی شوعییە کوردستانییەکان لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ تا ساڵی ١٩٩٣ وەک هێزێکی سیاسی و ڕێکخراوەیی، کاریگەری خۆیان لە گۆرەپانی خەبات و تێکۆشینی سیاسیدا هەبوو.

تا لە یەکەمین کۆنگرەی ئەو بزوتنەوەیە کە لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٣ کۆتایی بەو قۆناغە هات و قۆناخێکی نوێ دەستپێکرد، ئەویش ڕاگەیاندنی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان بوو.

**کۆنگره: پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان وەک لە نێوەکەیڕا دیارە، بۆ سەربەخۆیی کوردستان تێدەکۆشێت. ئەم بیروباوەرە چۆن و بە چ شێوازێک لە نێو جەماوەری کورد لە باشووری کوردستاندا بڵاودەکەنەوە، لە کاتێکدا بە پێی یاسای عێراق و حکومەتی هەرێم، باشووری کوردستان بەشێکە لە خاک و سنووری عێراقی – نیشتمانی عەرەبیی؟ ئایا ئەم دروشم و بیروباوەرە لە ڕووی یاسایی و پراکتیکەوە کێشەتان بۆ دروست ناکات؟**

**و:** بەڵێ.... بێگومان بیروبۆچوون و هزرە سیاسییەکانمان و تایبەتمەندیی پارتەکەمان بەو ناسنامە کوردستانییەی کە هەمانە، کێشەی زۆری بۆ دروستکردوین. کێشەکانمان هەندێکیان لەسەر ئاستی کوردستان و حیزبە کوردییە عێراقییەکان و هەندێکی تریشیان عێراقین. بەڵام کێشەکانمان، ئەوانەی کە لەسەر ئاستی باشووری کوردستانن، گەلێک زۆرترن. تەنها نموونەیەک لەسەرەتای دروستبوونی پارتەکەمانەوە و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بەسەر بارەگاکانمان لەسەرەتای ڕاپەڕین، یەکێک لەو خاڵە ناکۆک و سەختانە بووە کە حیزبە کوردستانییەکانی باشوور و دەسەڵاتەکەی پێیان وابوو، ئەو ئاڵایەی کوردستان

((دراوسێکانمان)) نارەحەت دەکات و دەبێتە هۆی ورووژاندنی کێشە و شەر و نا ئارامی لە باشووری کوردستان، بۆیە ئەو ساکە یەکێک لە لایەنە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان زۆر بە توندی هەوڵیەدا بۆ بەرزکردنەوە و هەڵدانی ئالای عێراقی لە ناو پەرلەمان و لە دەرەوەی و، ئێمە و هەموو ئەوانەی هەڵگری بیری سەربەخۆخوازی بووین، بە هەرزەکاری سیاسی و توندرەو ناویان دەبردین، دیارە ئەو بۆچوونەش لە پراکتیکدا گوشاری ئابووری و چاوسوورکردنەوە و هەرەشە و ... زۆر تریشی بەدوادادەهات.

لە ساڵی ٢٠٠٠ لە ئاکامی گوشاری دەوڵەتی داگیرکەری بەعس لەسەر دەسەڵاتی کوردیی، کە ئەوساکە وێڕای ئازادی و نیمچە سەربەخۆیی کە هەمان بوو، بەڵام پێوەندیی کورد و ناوەندی عێراق، نەک نەپچرابوو بەڵکو بە ئاشکرا و بە نهێنیی لە پێوەندییەکی زۆر توندوتۆڵدا بوون و، دەسەڵاتی عێراقیش ڕۆڵی زۆر گەورەشی بینی لەتێکدانی نێوان کورد و، لە نانەوەی ئاژاوە و شەر لە نێوخۆی کوردستان.

دیارە بۆ ڕەزامەندیی ئەو دەسەڵاتەی عێراقی و ڕزگاربوون لە فیکر و حیزبی سەربەخۆخواز، لە کوردستان سیناریۆیەکی پێشبینیکراو بۆ پارتەکەمان دروست کرا، ئەویش هەوڵدان بوو بۆ دۆزینەوەی یاسایەک و قەدەخەکردنی پارتەکەمان، تا لە ئاکامدا توانیان بگەن بە مەبەستیان، ئەویش دروستکردنی چەند بەهانەیەکی پروپوچ کە لە دوای شەش مانگ بە پراکتیک، ڕووبەڕووی دادگایان کردینەوە.

### بەهانەکانیش ئەمانەی خوارەوە بوون:

**١- کاری سەربەخۆیی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، ناوەندێکی ڕێکخستنی هەیە، کە مۆڵەتی یاسایی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرنەگرتووە.**

**٢- پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان ڕێکخراوەکی ژنانیان هەیە کە گۆڤارێکی مانگانە دەردەکەن، لەو گۆڤارەیەشدا هانی سەربەخۆیی و ئازادی ژنان ئەدەن، کە ئەوەش پێچەوانەی عورف و عادەتی کوردستان و شەریعەتی ئیسلامە.**

**٣- هەندێک شتی تر ... ئەویش ئەوە بوو، بەپێی بۆچوونی داواکاری گشتی و دەسەڵاتی سیاسی ئەوساکەی هەولێر، ئێمە لایەنگیری لایەنێک دەکەین دژی لایەنێکی تر... و، هاوکات هەوڵئەدەین پێیوەندیی نێودەوڵەتیی لەگەڵ حیزبەکەمان دروستبکەین، کە ئەوەش لەگەڵ عەقلی دەسەڵاتی کوردی، یان ڕاستر بڵێین لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیی عێراق نا گونجێت و لە هەمان کاتدا نارازی و نیگەرانە.**

لە کۆتایی دادگاکەش، دەسەڵات و ئیدارەی کوردی لە هەولێر، دەستیان بەسەر بنکە و بارەگاکانی پارتەکەمان داگرت و بڕیاری نەهێشتنی پارتەکەمانیان دا.

ئەوساکە زۆر لە ڕۆژنامە و ڕادیۆیەکان لەوانە "تەلەفیزیۆنی **سەحەری ئێرانی**" کەمیان نەکرد، بۆ ناشیرینکردنی پارتمان و بیروباوەڕ و سیاسەتەکەی، کە ئەوەیان بە یەکێک لە قۆناخە سەختەکانی پارتەکەمان دەژمێردرێت، کە لیدانێکی گەورە و لێکترازانێکی ڕێکخراوەیی لێکەوتەوە، تا ئەو ڕادەیە هاوڕێکانی ناو شار کەوتنەبەر چاودێری و نەیانتوانی کاری ڕێکخراوەیی خۆیان بکەن.

بۆیە بە ناچاری دوای ڕێککەوتنی هاوڕێیانی دەرەوە و ناوەوەی کوردستان لە هۆڵەندا، یەکەمین کۆنفراسی ئەو پارتە بۆ دروستکردنەوەی کاری ڕێکخراوەیی لە جانیوەری ساڵی ٢٠٠١ لە هۆڵەندا گرێدرا.

لە یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، ئێمە وەکو هەر حزبێکی تری کوردستانی و عێراقی، بڕیاری بەشداری ئەو پرۆسەیەمان دا، بەڵام ئەوەی ئێمەی توشی شوک کرد، ئەوەبوو لە ئاکامدا وەڵامان لە کۆمسیۆنی باڵای عێراقی وەرگرت، کە ئێمە بۆمان نییە بەشداری هەڵبژاردن بکەین، چونکە ناوەکەمان عێراقی نییە و داوای لەتکردنی عێراق دەکەین... بۆیە بڕیاردرا ئێمە لەو مافە بەشدار نەبین.

ئێمە لەو کاتەدا بە یاداشتنامەیەکی سیاسییانە و تێروتەسەل، ئاگاداری سەرجەم حیزبە عێراقی و کوردستانییەکانمان کردەوە، ئەوەی شایەنی باس و جێگەی پێزانین بێ، (KTV) زیاتر لە دوو ڕۆژ یاداشتەکەمانیان بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بڵاوکردەوە، جگە لە ڕۆژنامەی کوردستان.

بە هەرحاڵ وێڕای ئەو کێشە و ئاستەنگانەی کە لەبەردەم کارکردنمان دروستدەکرێت، ئێمە دوو جار دراوین بە دادگا و سێ جاریش بنکە و بارەگاکانمانیان تالان کردووە. لە شەڕی ناوخۆش ئێمە تاکە حیزبین بە شانازییەوە کە شەهیدمان داوە، بە سنگی واڵا لە نێوان کوردکوژاندا وەستاین، داوامان لێکردوون واز لە شەڕی خۆ کوژی بێنن، با چی تر ڕۆڵەی کورد نەبێتە قوربانیی..

ئێمە تاکو ئێستا لەو مەترسیانە و زیاتر لەوە ڕزگارمان نەبووە، بەداخەوە لە کوردستان یاسایەکی کوردستانی و

حکومەتێکی نیشتیمانیی کارا و بەرپرس بەرامبەر قۆناخە مێژووییەکان دروستنەبووە.

**کۆنگره: ماوەیەک لەمەوبەر، لە شاری سلێمانی کۆنگرەیەکتان بەست. گۆڕانکاری و بڕیارەکانی ئەو کۆنگرەیە چی بوون؟**

**و:** دوا کۆنگرەمان کە کۆنگرەی چوارەمی پارتمان بوو، لە ساڵی ٢٠٠٠ و لە مانگی ٧ لە شاری هەولێر بوو. بەڵام پێش ساڵێک لە مانگی ١٢ ی ساڵی ٢٠٠٧ کۆنفرانسی دووەمی پارتەکەمان لە سلێمانی گرێدرا.

ئەو کۆنفراسەش دوا بە دوای ئەو گۆڕانکارییانە بوو کە گرووپێکی بچووک ریزەکانی ئێمەیان جێهێڵا و چوونە ریزی پارتی دیمۆکراتی کوردستان.

کاری کۆنفراسەکەش بۆ پێداچوونەوەی کاری ڕێکخراوەیی و هەڵبژاردنی سەرکردایەتی نوێ بوو.

**کۆنگره: نزیکەی شەش ساڵە ڕژێمی سەددام رووخاوە، بەڵام هێشتا کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە نەگەڕاونەتەوە سەر باشووری کوردستان. کورد لەماوەی شەشساڵی رابوردوودا، لەو ڕاستییە تێگەیشتووە، دەوڵەتی نوێی عێراق و، گەلی عەرەب لە عێراق بە تێکرا، بە شێوازی جۆراوجۆرەوە دژایەتی خۆیان لە دژی داخوازییەکانی کورد پیشان دەدەن. بەڵام دەسەڵاتی کوردی، بێدەنگ و چاوەڕوانە و هەموو چارەسەرێکی داوەتە دەستی یاسا. ئێوە داهاتووی کەرکووک و بە گشتی پێوەندیی نێوان کورد و عەرەب لە عێراق چۆن دەبینن؟ ئەلتەرناتیڤی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان چییە بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە؟**

**و:** پێموانییە کورد تازە دوای پێنج ساڵ لە کێشەکانی نێوان کورد و عێراق گەشتبێت، باشتر و ڕاستر وایە بڵێین دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان، چونکە لە هەڵبژاردنەکانی دەستووری عێراقی، گەلی کوردستان ٩٠%ی دەنگی بۆ سەربەخۆیی دا..... بە ڕێژەیەکی گەلی کەمتر، دەنگی بۆ دەستوری عێراقی و یەکێتیی عێراقی دا، ئەو ڕاستییەش لە هەموو میدیاکانی کوردستان بڵاوکرایەوە.

ڕاستە ئەو بێدەنگی و بێهەڵوێست وەرنەگرتنەی حکوومەتی باشووری کوردستان و خۆ تەسلیمکردن بە قەدەری یاسای عێراقی، لە ئاکامی کۆمەڵێک هەڵەی گەورەی مێژوویی ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی کوردستانەوە بوو، بەڵام ئەگەر کەمێک بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای مێژووی ئەو ١٨ ساڵەی دوایی، دەتوانین هەڵەکان دەستنیشان بکەین.

**- نەبوونی دەستورێکی کوردستانی کە بەپێی یاسا بتوانێ ژیانی کۆمەڵگە و لایەنە جیاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری... دەستنیشان بکات.**

**- شەری کاولکاری و ماڵوێرانی کورد بە کورد کە خوێنی لە جەستەی کورد بری. ئێستاکە سەرچاوە و بەڵگەنامەکان ئەوە ئاشکرا دەکەن کە شەرەکان بۆ داگیرکەرانی کوردستان بە خوێنی ڕۆڵەی کورد ئەنجام دراون.**

**- نەبوونی حکومەتێکی نیشتیمانیی کوردستانی کە بەرژەوەندی گەل و نیشتیمان لە سەرووی بەرژەوەندیی حزبایەتی دابنێت.**

**- نەبوونی ستراتیژێکی نەتەوەیی کە هێڵەسوورەکان دەستنیشان بکات.**

**- تاڵانکردن و گەندەڵکردنی سامان و سەروەتی کوردستان و ئاودیوکردنی بۆ دەرەوەی کوردستان بووەتە سیمایەکی قێزەون و ناشیرین، لەکاتێکدا سەرجەم داهاتی کوردستان گەلێک زۆرترە لە هەندێک وڵاتی دراوسێ.**

**- ناشیرین کردنی ئەو نیمچە ئازادییەی کە لە کوردستان هەیە بە بەرتەسککردنەوەی دیمۆکراسی و تەزویرکردن لەهەڵبژاردنەکان و پرکردنەوویان و یاریکردن بە چارەنووسی ڕای خەڵک.**

**- خۆ بەستانەوە بە دەستوری سەرتاسەریی عێراق و گەڕاندنەوەی چارەسەری کێشەی کورد بۆ بەغدا.**

•- لە ڕوخانی ڕژێمی دکتاتۆری سەددام لە لایەن ئەمریکاییەکانەوە، گەلی کورد و دەسەڵاتەکەی، بەبێ هیچ پرۆتۆکۆل و ڕێککەوتنێک بەشداری شەر و رووخانی ڕژێمی کرد.

•- ئەوانە و چەندەها هەڵەی کوشندەی تر بووەتە هۆی ئەوەی کە دەسەڵاتی کورد خۆی بداتە دەست قەدەری دەستوری عێراقی، لەوەش زیاتر نەتوانن لە دژی هەڵەکانی خۆیان گۆرانێک ئەنجام بدەن.

•- ئەلتەرناتیڤی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان ڕوون و ئاشکرایە، ئێمە پێمانوایە قۆناغی ڕزگاری گەلی کوردستان تەواو نەبووە، ئێستاکە زیاتر ٣/١ خاکی باشووری کوردستان ئازاد نەبووە، دەسەڵاتی کوردی تەنها لە سێ شاری ئەو بەشە حکوم دەکات، هەموو ناوچەکانی مووسڵ، کەرکووک، مەندەلی، خانەقین، بەلەدروز، بەدر و جەسان، دیمۆگرافیای ئەو ناوچانەیان شێواندووە و کراون بە عارەبنشین، دوژمن خاوەن ماڵە و کوردیش میوان.

•- بە بۆچوونی ئێمە کورد و دەسەڵاتی سیاسی خۆی بەرپرسی یەکەمی بە کوردکردنەوەی ئەو ناوچە

کوردستانیانەیە نەک بەغدا و عەرەب. دەستوری عێراقی (شیعە و سوننە) و (شیوعی و دیموکرات) و (بەعس و ئیسلامی سیاسی) بە هەموو ڕەنگە جیاجیاکانی عەرەب، نەک ئەو ناوچە داگیرکراوانە بە عارەبنشین و عێراقی دەزانن، بەڵکو ئەو سێ پارێزگایەش بە خاک و وڵاتی خۆیان دەزانن، ئێمە بە بەشێک لە عێراق و ئومەی عەرەبی دەزانن و نیشتیمانەکەشمان بە خاکی عەرەب و نیشتیمانی عەرەب دەژمێرن.

**•- بۆیە ئێمە پێمانوانییە عێراقی عەرەبی ببێ بە دوورگەی دیمۆکراسی کە کێشەی کوردی تیا چارەسەر بکرێ. بۆیە ئێمە دەگەڕێینەوە سەر ئەو ئەلتەرناتیڤە خۆییەی کە دەبێ کورد خۆی ئەنجامی بدات ئەویش:**

١- گەڕانەوەی زیاتر لە نیوملیۆن ژمارەی کوردی فەیلی کە لە حەفتاکانەوە کۆچڕەویان پێکرابوو و بە زۆرەملێ نیشتەجێکردنیان لە ناوچە کوردستانییەکانی بەدرە و جەسان و زوبانیە و شارەبان و مەندلی بەلەدروز.

٢- گەڕاندنەوەی ئەو کوردانەی کە ئاوارەی ناوچە جیاجیاکانی عێراقن، بە تایبەت کوردەکانی بەغدا کە ژمارەیان بە نزیکەی یەک ملیۆن مەزندە دەکرێت، نیشتەجێکردنیان لەو ناوچانەی کە ناکۆکی کورد و عەرەبیان لەسەرە، بە پێویست و ئارەزووی خۆی.

٣- ئەمڕۆکە ڕێژەی گەنجانی کورد لە گۆڕەپان بە سەدان هەزاران دەخەملێندرێن، بەداخەوە بە هۆی قورسی باری ژیانیان ناتوان خێزان پێکبهێنن. دەسەڵاتی کوردی دەتوانێ هەموو ئاسانکارییەک بکات تەنها بە بەرامبەری ئەوە لە ناوچەکانی خۆیان بژین و لە پێشدا دەسەڵات هەوڵی دامەزراندن و کاردۆزینەوەیان بۆ بکات.

٤- ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیانی کوردستان لە هەرسێ پارێزگەی هەولێر و سلێمانی و دهۆک کرێچین و ئاستی ژیانیان زۆر نزمە، ئەگەر دەسەڵاتی کوردیی، جێگە و ژیانیان دابین بکات، ئەوە دەتوانن لە ناوچەکانی شەنگال و شێخان و قەرەقوش تلکیف و باشیک و بەرتلەی پارێزگەی مووسڵ نیشتەجێ بن.

٥- بەپێچەوانەی ئەوەش لەژێر ناو و دروشمی برایەتی و پێکەوە ژیانی ڕەگەزە جیاجیاکانی (کورد و عەرەب و تورکمان) (ئیسلام و فەلە) (شیعە و سوننە) دەکرێ هەزاران لەو خێزانە عەرەبانەی نیشتەجێی کەرکوک و مووسڵ و مەندلی ... و ناوچە جیاوازەکانی تر بگوێزرێنەوە بۆ هەر سێ پارێزگەی هەولێر و دهۆک و سلێمانی، ژیانی ئەو خێزانانەش دابین بکرێت لە خانوو و ماڵ و کارکردن و هەموو مافێکی تر. دیارە مەبەستیش لە هێنانی عەرەب کەمکردنەوەی چڕیی دانیشتووی عەرەب و زیاد کردنی ژمارەی کوردە.

- ئێمە پێمانوایە ئەو سیاسەتە نوێیە، یەکەم پێویستی بە لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەیەکی هەمەلایەن هەیە کە بتوانین هەموو ئەگەرەکانی تیا بەرچاو بگیرێ.

- ئەو جۆرە سیاسەت و پلانە تەنها و تەنها دەبێ لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی بەرزی نەتەوەیی دابێت، وەک ناوەندێکی ستراتیژی پاراستنی نەتەوەیی و، دوور بێت لە چاوی هەموو کامێرا و ڕۆژنامە و میدیاکان کە بەرامبەر بوروووژێننرێت.

- پێویستە ئەو جۆرە سیاسەت و پلانە نەخشەیەکی ئاشکرا و دیاری هەبێ.

- یاریکردنی سنووری ئەو پلان و نەخشەیە لە نێوان ٣ – ٥ ساڵدا جێبەجێبکرێت.

- بەرزترین بوودجەی کوردستان بۆ ئەم نەخشەیە دیار بکرێت و سەرچاوەکەشی لە پارە و داهاتی لە سەدا ١٧% ، پشکی هەرێم و نەوتی فرۆشراوی زاخۆ و شیواشۆک و گومرگ و ڕسوماتی شارەوانییەکان و سوودوەرگرتن لەسەرمایەدارەکانی کوردستان و بەکارهێنانی هەموو هەوڵێکی مادی بۆ جێبەجێکردن و سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە.

- بە کوردکردنەوەی ئەو ناوچە داگیرکراوانە لە ماوەیەکی دیارکراودا، یارمەتی ئەوە دەدات کە لە هەر دەرفەتێکی سەرژمێریی دانیشتوانی عێراق، ئەو کوردانەی کە گەڕاونەتەوە زێدی باوک و باپیرانیان، لەوێ سەرژمێر بکرێن و بە هۆی ئەوانیشەوە دەسەڵاتی کورد بە هێزبکرێ و ئەو ناوچانەش بگەڕێندرێنەوە سەر باشووری کوردستان.

- بۆ ڕووتکردنەوە و لاواز کردنی شوێنپێگەی عەرەبی داگیرکەری پارێزگەی مووسڵ و کەرکووک و دیالە، دەبێ دەسەڵاتی کورد زەوی و باخچە و خانوو کۆمپانیا و کارگەی لێبکرێتەوە و بە پەلە بیانگەڕێنێتەوە بۆ کورد و خاوەنی ئەسڵی، جگە لەوەش ئێمە هەوڵبدەین سەرچاوەی داهات و بەرهەمهێنان بخینەژێر کۆنترۆڵی کورد. داگیرکەر لە شوێنی خۆیدا وەک میوانێکی ئێسکگران بمێنێتەوە.

- ئێمە وەک پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان ئامادەین هاریکاری و لێدوانی زیاتر بکەین لەگەڵ هەر لایەنێک کە کوردایەتی و سەربەخۆیی کوردستانی بەلاوە گرنگ بێت.

**کۆنگرە: داهاتووی کوردستان بە گشتی و باشووری کوردستان بە تایبەتی چۆن دەبینن؟**

**و:** وێڕای شکستی و سەدان کەم و کوڕی و هەڵەی سیاسیی بە حەقی گەلی کوردستان، ئێمە ڕەشبین نین لە چارەنووس و دوارۆژی کوردستان ... ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی مێژوو بەرەو دواوە ناگەڕێتەوە لە سایەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و گلۆبالیزم و گۆرانی سەردەم، جیهان بچووک بووەتەوە و ناکرێ چیتر داگیرکەران بە ئاسانی بەردەوام بن لە سیاسەتی داگیرکەرانەی خۆیان و نکۆڵی لە بوونی نەتەوەی کوردی چەندەها ملیۆن بکەن. بەڵام ئەوەی کە زیاتر پێویستە لەسەر ئێمە یەکریزی و یەکگرتنی ناوماڵی کوردە بە پلەی یەکەم و، دووەم چالاککردنی کاری دیپلۆماسی و ناساندنی کێشەکەمان و کۆکردنەوەی پشتگیریی نێودەوڵەتی بۆ پرسەکەمان کە ئەوەش تەنها لە ئینتیمای نەتەوەیی دا دەبینینەوە.

**کۆنگرە: ئەو بناخە و پرنسیپە فکریانەی ئێوە چین کە دەسەڵاتی کوردی یان حکوومەتی ناوەندیی پێی نیگەرانن؟**

**و:** لە ڕووی نیشتیمانییەوە ئێمە پێمانوایە، کوردستان وڵاتێکی داگیرکراو و دابەشکراوە و گەلەکەشی بە قۆناخی ڕزگاریخوازی نیشتمانیدا تێدەپەڕێت. بە پێچەوانەوە، ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردوە، هەر یەک لە دەوڵەتانی سوریا و عێراق و تورکیا و ئێران... ئەو قۆناخەیان زۆر لە مێژە بڕیوە و بەڵکو ڕووبەڕوی ئەرکی دیمۆکراتی و گۆڕانی کومەلایەتی و ئابوریی دەبنەوە. بۆیە ستراتیژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان لەگەڵ ستراتیژی بزاڤی بە دیمۆکراتیزەکردنی کۆمەڵگەکانی گەلانی سەردەستە، دوو ئامانج و دوو چارەنووسی زۆرجیاوازن. بە دەربڕینێکی کورت یەکەمیان کە کوردستانە ئامانجی ڕزگاری و سەربەخۆیی پەسارگەی نەتەوییە، دووەمیشیان کە داگیرکارە لەوانە عێراقی عارەب کە تاکو ئێستاکەش بەشێکی زۆرن لە کوردستان لە ژێر چنگی شوفێنیزمی عەرەبی دەناڵێنێ.

ئەرکی دیمۆکراتی و چەسپاندنی دەوڵەتی یاسا و پێشکەوتنی کۆمەلایەتییە. لە قۆناغی ئەو ڕۆکەی کوردستان و دوای ڕاپەڕین ڕاستە ئێمە وەک پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان، فیدرالیمان قبوڵ کردووە. بەڵام کام فیدراڵیی؟ فیدرالیمان لە نێوان دوو کۆماری یەکسانی کوردستان و عێراق (عارەب) نەک لە نێوان هەرێمێکی بندەست و پێکێندراوی دەوڵەتێکی ناوەند. من لێرەدا پێمخۆشە ئەوە بە خوێنەر و هاوڕێیانی خۆم بڵێم کە ئێمە وەک پارتی کار یەکەمین داهێنەر و دەستپێشخەری بیری دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی ئازادی کوردستانین بەڵکو تەواوکەر و پیادەکارانی ئەو ڕێچکە سەربەخۆخوازانەی کە لە دێرزەمانەوە سەریهەڵداوە. ئەگەر کەمێک بە ناخی جەنجاڵی پیرە مێژوودا شۆڕبینەوە، ئەو ڕاستیەت بۆ دەردەکەوێت، گەورە زانای کورد ئەحمەدی خانی لە سەدەی حەڤدەم زیاتر لە سێسەد ساڵ پێش ئێستاکە داوای سەربەخۆیی کوردستان و یەکگرتن و برایەتی کورد و یەکریزی کردووە بەرامبەر بە دوژمنان و داگیرکەران (فارس و تورک و عەرەب) بەدرخان پاشای میری بۆتان لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدە پارەی بە ناوی خۆی درووستکردووە و بانگی یەکریزی و تەبایی گەلی کوردستانی کردووە. شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە رێگەی دروستکردنی سوپایەکی بە هێزەوە ویستویەتی کوردستان ئازاد بکات، واتە لە ڕێگەی سەربازییەوە. زۆر بەکورتی، ئەمانە مشتێکن لە جەوالێک کێ لە سەرکردە کلاسیکیەکان داوای ڕزگاریی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نەکردووە؟ چ سەرکردە سیاسییەکان لە پاشاو میرانی کورد و ڕۆشنبیران و شاعیرانی گەورەی کوردستان، شۆڕشەکانی سەدەی نۆزدەم لە سەرەتای بیست و سییەکان، شێخ سەعیدو شێخ عبدالقادر شەمزینی و ئیحسان نوری و شێخ محمود و قازی محمد، هەموو ئەو سەدە و ساڵانە خەبات لەپێناو بیری سەربەخۆیی و خەباتی کوردایەتی و دەستکردن و پەسارگەو وڵاتی سەربەخۆ بووە، بەڵام بەداخەوە ئێستاکە بە ئاشکرا ئەوەی بەدیدەکرێ بیری نەتەوەییمانە ئینتمابوون بە کوردایەتی لاوازە و شکستە سەرکردایەتی سیاسی کورد لە هەڵکەوتنی دواکەوتووی فیدرالیزم و ناوچەگەری و عەقلی هۆزو تیرە و خێڵ، کە لە مۆدێرندا دا خۆی نیشان دەدا ڕزگاری نەبوو، ئەلێم و ئەیلێمەوە، سایکۆلۆژیای مرۆڤی کورد کەسایەتیەکە بونێکی شکا و بەزیوی لە هەندێ حالەتدا گومان لە بوونی یەک نەتەوەی و یەک زمانیدا دەکرێ. بۆ نموونە ناوچەکانی بادینان ئەوەندە لە ناوچەکانی سۆران نازانن، یان ناوچەکانی کوردنشینی بەدرو جەسان و زربانیا تاکو خانەقین چ بەهۆی دێلێکت و ڕێڕەوی ئەوەندە لە ناوچەکانی تری بادینان و سۆران یان دەڤەری یەزیدینشینانی مووسڵ و شەنگاڵ نازانن. جا چی باکوور و باشوور و بەشەکانی تری کوردستان.

سەرکردەیەتی سیاسیی کورد لە باشوور، شانازی دەکات کە کورد ڕۆژێک لە ڕۆژان بە درێژایی مێژووی داگیرکەران، ئێمە شەری کورد و تورک، کورد و عەرەبمان نەکردووە، بەڵام ئایا ئێمە چەند شەری کورد و کوردمان کردووە؟!

# بیست ویەکساڵ بەسەر کارەساتی هەڵەبجەدا تێپەڕبوو!

نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژووی پڕکارەساتی، گەلێک کوشتوبڕی بەکۆمەڵ و ماڵوێرانی و راگواستنی زۆرەملی بەخۆیەوە بینیوە، لێ، بەسەرهاتی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە کۆتایی ساڵانی سەدەی بیستەم، شەرمەزارییەکی حاشاهەڵنەگرە بە نێوچاوانی سەرجەم حکوومەتەکانی بەنێو دیمۆکرات و دنیای ئازادەوە، کە بەهۆی یەکانگیریی بەرژەوەندیی هاوبەشیان لەگەڵ رژێمی خوێنخۆر و درندەی بەعسی عێراق بەسەرۆکایەتیی سەددام حسێن، چاویان لەو تاوان و کارەساتە گەورەیە نووقاند، کە سوپای داگیرکەری عێراق بەسەر دانیشتوانی شار و گوندەکانی کوردستانیدا هێنا. **هاوکات، تاوان و شەرمەزارییەکی گەورە و مێژوویبە بۆ سەرکردەیەتیی ئەو کاتی کورد لە باشووری کوردستان، کە بە بێلێکدانەوە و، بێ لەبەرچاوگرتنی باوەڕ و پرنسیپی نەتەوەیی، تەنیا لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیی حیزبیدا، پێشمەرگەی کوردستانیان کردە چۆخەسووری بەردەم لەشکری داگیرکەر و کۆنەپەرستی ئێران و، بەنێوی رزگاریی هەڵەبجەوە، دەیان هەزار پاسدار و هێزی بەکرێگیراو و تاڵانچیی ئێرانیان رژاندە نێوچەکەوە و، ئاگری شەڕی عێراق – ئێران یان لە باشووری ئەو دوو وڵاتەوە، گواستەوە بۆ کوردستان و، بوون بە رێخۆشکەری ئەو کارەساتە دڵتەزێنە کە ئاگری بەردایە جەستەی هەزاران هەزار مرۆڤی بێدەرەتان و کۆیلەی کورد.**

بیست و یەکساڵ پاش تێپەڕبوونی کارەساتی هەڵەبجە وئەنفال و، شەش ساڵ پاش رووخانی رژێمی گۆڕبەگۆڕی سەددام حسێن، هێشتا نەتوانراوە، بکوژان و تاوانباران بەسزای تاوانەکانیان بگەیەندرێن. هێشتا نەتوانراوە هەموو ئەو کۆمپانیا و لایەن و دەوڵەتانەی کە لە گەیاندنی کەرەستە و پێگەیاندنی کارگەی کیمیایی عێراقدا دەستیان هەبووە، لە دادگەیەکی رەسمیی نێونەتەوەییدا بەپێی یاسا سزای ئابوورییان بۆ ببڕێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت بەفەرمیی قەرەبووی زیانلێکەوتوانی کیمیابارانەکان لەڕوی داراییەوە بکرێتەوە و، چاککردنەوەی بریندار و نەخۆشەکانی هەڵەبجە بگرنە ئەستۆی خۆیان. گرنگتر لەمانە، کورد بەگشتیی نەیتوانیوە، کارەساتەکانی هەڵەبجە و ئەنفال بکات بە رەمز و دینەمۆیەکی بەهێز بۆ دەستخستنی ئازادی و سەربەخۆیی خۆی. بێگومان سووچی ئەمەش بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ گوێنەدان وکەمتەرخەمیی سەرکردەیەتیی هەردوو حیزبە دەسەلاتدارەکەی باشوور و کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم. چونکە دەیانتوانی و، ئێستاش لەو پێوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەی کە لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە هەیانە و، نوێنەریان لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا هەیە و، بووجەیەکی زۆر لەبەردەستیاندایە، زۆر بەهاسانی دەتوانن، بەڕەچاوکردنی ستراتیژێکی نەتەوەیی، پلانێکی نەتەوەیی بۆ خستنەڕووی پرسی هەڵەبجە و ئەنفال لەئاستی نێونەتەوەییدا دابڕێژن.

بنبڕکردنی قەلاچۆ و نەهامەتی و تاڵانی بەردەوامی سامانی کوردەواری و راگواستنی زۆرەملی و تواندنەوەی رەگەزیی کورد، تەنیا و تەنیا لە گەیشتن بە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندایە. هەتا کورد نەبێتە خاوەنی خاک و سامان و نیشتمانی خۆی و، هەتا نەتەوەی کورد، بندەستی داگیرکەرانی رەگەزپەرستی فارس وترک و عەرەب بێت، هەموو کاتێک دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بکات، کە ئەو رژێمانە بەبیانووی جۆراوجۆرەوە، قەلاچۆی بکەن و، کارەساتی دیکەی بەسەردا بسەپێنن. لەبەر ئەوە، پێویستییەکی نەتەوەیی و مێژوویبە کە، تێکڕای کەسایەتی و رێکخراوە و پارتی سیاسیی کوردی و کوردستانیی، لەژێر چەترێکی هاوبەشدا، هێزوتوانای خۆیان لەنێوخۆ و لەدەرەوە یەکبخەن و، بیانخەنە خزمەتی پڕۆژەی ئازادی و رزگاریی یەکجارەکی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانەوە.

**هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە و ئەنفال و هەموو شەهیدانی رێگەی رزگاریی کورد و کوردستان!**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**
16/3/2009

# دیمانەی "کۆنگرە"

# لەگەڵ رێزدار رەزا کەعبی

# جێگری سکرتێری

# کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

رەزا کەعبی ساڵی ١٣٣٨(١٩٥٩) لە شاری سەقز لە دایکبووە. پاش تەواوکردنی خوێندنی سەرەتای و دواناوەندیی لە سەقز، چووەتە شاری سنە و، خوێندنی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی ئەو شارەدا تەواو کردووە. لەساڵی ١٣٥٤ (١٩٧٥) وە، بەشداریی لە کۆڕ و کۆمەڵە چەپەکاندا کردووە.

خەرمانانی ساڵی ٥٩ (١٩٨٠) دوای ئیعدام و شەهید بوونی دوو خوشکی ( شەهلا و نەسرین کەعبی) لە بەشی نهینی کۆمەڵەوە بە ریزی تەشکیلاتی پیشمەرگەی کۆمەڵە پەیویست بووە. لە ریبەندانی ١٣٦٤ (١٩٩١) برایەکی (سەدیقی کەعبی) لە ریزەکانی پیشمەرگەی کۆمەڵە، لە شەریکدا لە گەڵ هێزەکانی رژیمی داگیرکەری ئێران گیانی لە دەسداوە. بنەماڵەکەیان، ماوەی چەندین ساڵ بۆ باشووری ئێران دوور خراونەتەوە و، گەلێک جار تووشی گرتن و زیندان و شکەنجە هاتوون .

ساڵی ١٣٧٤ (١٩٩٥)لە کۆنگرەی ٨ی کۆمەڵەدا بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. لەساڵی ١٩٩٤ وە، لە ماوەی ٦ ساڵدا ئەرکی جیاجیای وەک سەرنووسەری گۆڤاری "کۆمۆنیست" (ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)، بەرپرسی رادیۆی حیزبی کۆمۆنیست، بەرپرسی تەشکیلاتی نهینیی کۆمەڵە و، بەرپرسیارەتیی خەزانەداری کۆمەڵە و سەرنووسەری گۆڤاری "جهان امروز" ی بەرێوە بردووە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی ناکوکیی لە کۆمەڵە و پێکهێنانی باڵی ریفورم لە کۆمەڵە، رەزا کەعبی رۆڵ و جێگەی دیاری هەبوو و یەکێک بوو لە رێبەرەکانی "باڵی ریفورم" لەنێو کۆمەڵەدا.

پاش بەستنی "کۆنگرەی ریفورم" لە هاوینی رابردوو (٢٠٠٨)، بوو بە ئەندامی دەفتەری سیاسی و ئێستاش جێگری سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانە.



**کۆنگرە: داهاتووی رۆژهەلاتی کوردستان و کوردستان بە گشتی چۆن دەبینن؟**

**رەزا کەعبی: کام داهاتوو؟** کوردستان بە گشتی لە جەرگەی ناوچەیەکی زۆر ئاڵۆز، گرینگ و ژئوپولوتیک جێی گرتووە کە بە تایبەت لە سەدساڵی رابردوودا لە ناو ململانێی زلهێزە جیهانییەکان و بەرژەوەندیی ئەوان ژیاوە و کاریگەریی راستەوخۆی بەتایبەت لە سەر چارەنووسی کوردستان و کێشەی کورد بووە. ئێستاشی لە گەڵ بێ، رۆژهەلاتی ناوەراست بۆ داهاتووی ململانێی زلهێزەکانی جیهان گرنگی خۆی لە دەسنەداوە. رۆژهەلاتی ناوەراست، ناوچەیەکی زۆر دەوڵەمەندە و لەسەر ئابووریی جیهان هێشتا قسەی یەکەم دەکات. ژئۆپولوتیکی رۆژهەلاتی ناوەراست کە پردی نێوان ئورووپاو هێند و چینە و هەروەها دەروازەی گەیشتن بە ئاسیای ناوەندیە بە رۆژهەلاتی ناوەراست موقعیەتێکی تایبەتی داوە. هەر بۆیە ململانێ سیاسی و ئابووری لە رۆژهەلاتی ناوەراست دەیان ساڵە بەستراوەتەوە بە ململانێیەکی گەورەتری جیهانیەوە. ئێران یەکێک لە گرنگترین ولاتانی ناوچەی رۆژهەلاتی بووە. ئاڵ و گۆڕی سیاسی و دەسەلاتت و ئاڵ وگۆڕی کۆمەلایەتی بە خێرایەکی بەرچاو لە سەر هەموو رۆژهەلاتی ناوەراست کاریگەری بووە. شەپۆلی مەشرووتە هەموو ناوچەکەی گرتەوە و ئێران بوو بە پێشەنگی ئاڵوگۆڕی گەورەی کۆمەلایەتی و گۆڕینی پێکهاتنی سیاسی، ئابووری و تەنانەت جۆغرافیایی سیاسیی. بزووتنەوەی میللی کردنی نەوت لە ئێرانەوە دەستییێکرد و بوو بە بزووتنەوەیەکی گشتگیر لە رۆژهەلاتی ناوەراست. ساڵی ١٣٥٧(١٩٧٩) کە بزووتنەوە و شەپۆلی ئیسلامی ئێرانی داگرت و توانی دەسەلاتی سیاسی بە دەستەوەبگری، زۆر ئاشکرا بوو بە بزووتنەوەیەکی گەورە لە رۆژهەلاتی ناوەراست. ئێستاش کە رۆژهەلاتی ناوەراست جارێکی دیکە

له به‌رده‌م ئالۆگۆڕی گه‌وره‌دا راوه‌ستاوه، گۆڕانکاری سیاسی له ناوخۆی ئێران، زیاتر له هه‌ر وڵاتێکی دیکه‌ی ناوچه‌که گرنگی خۆی هه‌یه. هه‌ر بۆیه گۆڕانکارییه‌کانی رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌راست به گشتی و ئێران به تایبه‌تیی، له سه‌ر دۆزی کورد، له سه‌ر چاره‌نووس و له‌سه‌ر مه‌وقعییه‌تی ژئۆپولۆتیکی کاریگه‌ری راسته‌وخۆی داناوه و زۆر جار ئه‌م ئاڵ و گۆرانه یابه قازانجی شۆڕش و راپه‌رینه‌کانی به‌شه‌کانی کوردستان بووه (وه‌کوو دامه‌زرانی کۆماری کوردستان له مه‌هاباد) یان به زه‌ره‌روو شکاندنی ( وه‌ک شێخ مه‌حموود ) بزووتنه‌وه‌ی کوردستان به‌سه‌ر ئه‌نجام گه‌یشتووه. کۆماری کوردستان له مه‌هاباد، نموونه‌یه‌کی به‌رچاوه. هه‌ل ومه‌رجی له‌باری جیهانی، هه‌لێکی له‌باری بۆ راگه‌یاندنی کۆماری کوردستان ره‌خساند و هه‌ر هه‌ل ومه‌رجی ناله‌باری جیهانی به هاسانی کۆماری کوردستانی له مه‌هاباد تێکشکاند.





وێنه‌ی شه‌هیدان شه‌هلا و نه‌سرینی که‌عبی، پاش فتوا به‌دناوه‌که‌ی خومه‌ینیی، رێکه‌وتی ٦/٥/١٣٥٨ هه‌تاوی، له‌لایه‌ن بکوژانی کۆماری داگیرکه‌ری ئیسلامیی ئێرانه‌وه له‌شاری سنه گولله‌بارانکران!

ئێستا ئه‌گه‌ر بێمه‌وه سه‌ر پرسیاره‌که‌ت، که داهاتووی رۆژهه‌ڵاتی کوردستان چۆن ده‌بینین! ده‌بینین بزووتنه‌وه‌ی رزگاریخوازی کوردستان یان کوردستانی ئێران، سه‌ره‌رای هێرشێکی سی ساڵه‌ی کۆماری ئیسلامیی، سه‌ره‌رای ئه‌وه‌ی که له لایه‌ن کۆماری ئیسلامییه‌وه به ته‌واوی داگیرکراوه، سه‌ره‌رای ئه‌وه‌ی که کۆماری ئیسلامیی جینایه‌تی گه‌وره‌ی خولقاندووه، به بروای من بزووتنه‌وه‌ی رزگاریخوازیی به‌ر فراوانتر و گشتگیرتر و به‌رینتر بووه‌ته‌وه. کاتێک خومه‌ینی له ٢٨ی گه‌لاوێژی ساڵی ١٣٥٨ (١٩٧٩) فه‌رمانی هێرشی سه‌رتاسه‌ریی بۆ سه‌ر کوردستان ده‌رکرد، خنکاندنی بزووتنه‌وه‌ی کوردستان و تێکشکاندنی هه‌ر جۆره ئاواتێکی رزگاریخوازیی مه‌به‌ست بوو، که به رووخاندنی رژیمی پاشایه‌تی ده‌رفه‌تێکی زۆر له‌بار و مێژوویی بۆ گه‌لی کورد فه‌راهه‌م کردبوو. به‌لام سی ساڵ پاش هێرشی گه‌وره‌ی رژێم، سه‌ره‌رای جینایاتی گه‌وره و کردنی کوردستان به پادگانێکی گه‌وره‌ی نیزامی، شاهیدی ئه‌وه‌ین که: جوغرافیای سیاسی و بزووتنه‌وه‌ی کوردستان له‌م به‌شه، هیچ کات ئه‌وه‌نده به‌رین، گه‌وره و سه‌رتاسه‌ری نه‌بووه. شوناسی نه‌ته‌وه‌یی و هه‌ستی نه‌ته‌وایه‌تیی له ئاستێکی زۆر قووڵتر و به‌رفراوانتر هاتووه‌ته ئاراوه. بروا به داهاتوو، هیوا به سه‌رکه‌وتن و ئومێد به گه‌یشتن به ده‌سته‌وه‌گرتنی چاره‌نووس ده‌یان به‌رامبه‌ری ساڵی ١٣٥٨، که خومه‌ینی ویستی له ناوی به‌رێ. کوردستانی ئێران ئاڵوگۆری کۆمه‌لایه‌تی سیاسی، ئابووری، فه‌رهه‌نگیی به خۆوه بینیوه. رۆژهه‌ڵاتی کوردستان ئه‌و کۆمه‌ڵگه ساده، ساده و سوننه‌تییه‌ی ٣٠ – ٤٠ ساڵی رابردوو نییه. خه‌بات و موبارزه‌ی سیاسی، تێکه‌ڵبوونی جه‌ماوه‌رێکی زۆرتر به خه‌باتی سیاسی و به‌شداری له بزووتنه‌وه‌ی کوردستان، هیچ کات تا ئه‌م راده‌یه نه‌بووه. شاره‌کان زۆر گه‌وره بوونه‌ته‌وه. جموجۆڵی سیاسی، فه‌رهه‌نگی، رێکخراوه‌یی، زۆر زۆر روو له گه‌شه‌یه. ئاستی خوێنده‌واری زۆر به‌رفراوان بووه‌ته‌وه. شاره‌کانی کوردستان زۆریان له‌ساڵدا زۆرترین قه‌بووڵیان هه‌یه بۆ زانکۆکانی سه‌رتاسه‌ری ئێران. بزووتنه‌وه‌ی خوێندکاری تازه پێگه‌یشتووی کورد به راستی توانیویه‌تی له‌ناو بزووتنه‌وه‌ی ٦٠ ساڵی خوێندکاریی له ئێران جێگه‌یه‌کی شیاو و دیار بۆ خۆی ده‌سته‌به‌ر بکات. خوێندکارانی کورد له هه‌ر زانستگه‌یه‌ک که ده‌خوێنن، به‌شی سیاسی، تێکۆشه‌ر و فه‌رهه‌نگیی زانستگه‌کانی خۆیان پێک دێنن. بوونی ده‌یان گۆڤار و بڵاوکراوه و سه‌دان و هه‌زاران وێبلاگ، حوزووری به‌رچاو له بزووتنه‌وه‌ی رۆژانه‌ی

خوێندکارانی ئێران سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن. مەوقعییەت و پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی کوردستان، سەرەڕای بوونی ڕژێمێکی دژی ژن، لە چاو سی ساڵی ڕابردوو، زۆر زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتووە. حزووری ژنان لە خوێندنگەکان، لە زانستگەکان، لە بواری فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئابووری و هەروەها بەشداری بەرینی ژنان لە خەباتی خەڵکی کوردستان دژی داگیرکەران، تا بەشدارییی شەڕی پێشمەرگانە، نیشاندەدا کە پێگەی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردەواریی بە هیچ جۆرێک لە گەڵ ڕابردووی خۆی بەراورد ناکرێ.

بزووتنەوەی فەرهەنگی و ڕووناکبیری لە کوردستان زۆر جێگەی سەرنج و بایەخە. چیرۆکنووسانی گەورەی کورد، شاعێران، بواری موسیقا، سینەما و ڕۆژنامەوانی لە کوردستان ڕوو لە گەشەیە و بەرەو ئەوە دەڕوات کە نەتەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکو لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا کاریگەریی زۆرتر دانێ. کۆمەڵگەی کوردستان ڕێکخراوترە. بەشێکی بەرچاو لە چالاکوانانی سیاسی، مەدەنی، فەرهەنگی لە ڕێکخراوەی جۆراوجۆردا ڕێکخراون. دابەشبوونی ئەرک و کار لە بوارەکانی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتیی، وایکردووە کە توانایی و ئیستعدادەکان باشتر گەشە بکات و کۆمەڵگە زۆرتر لێی بەهرەمەندبێ. تا ئەو جێگەیەی بە بزووتنەوەی سیاسی و ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و هەروەها هەستی نەتەوەیی هەڵدەگەڕێتەوە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرزترین ئاستدایە لە هەموو مێژووی خۆیدا. لە چەند وتووێژی دیکەدا باسم لەوە کردووە کە: **"بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هیچکات وەک ئەمڕۆ، گەورە لە باری جۆغرافیاییەوە، سیاسی لە باری تێگەیشتن و هۆشیاری کۆمەڵایەتی و ڕوون لە باری داخوازی و ستراتیژی نەتەوەییەوە پڕبایەخ و گرینگ نەبووە".**

لە کوردستان بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی، دیاردەیەکی زۆر کۆن نین و بە دەیەی ئێستای کوردستان و بزووتنەوەکەی پێوەندە. بزووتنەوەی ژنان، خوێندکاران، کرێکاران و بزووتنەوەی بەرینی فەرهەنگی و ڕووناکبیریی، ئەگەرچی تازە و نوێیە، بەڵام بە بزووتنەوەی گشتی و نەتەوایەتی و میللی لە کوردستان ڕواڵەتێکی مودێرنتر و ئەمرۆتری بەخشیووە. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان بە باشی ئاڵوگۆڕە گەورە کۆمەڵایەتییەکانی لە خۆی گرتووە و نیشانیدەدا. ئەم بزووتنەوانە خەباتی سیاسی ڕەوای گەلی کوردی گشتگیرتر و هەمەگیرتر و ئەم خەباتەی بەردەوامتر کردووە. دیارە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و ناسین و هەڵسوکەوت لە گەڵیان قانوونمەندیی خۆی هەیە.

تا ئەو جێگایەی بە داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵدەگەڕێتەوە، دەبێ بڵێم داهاتووی کوردستانی ئێران ناتوانێ بە بێ لە بەرچاوگرتنی گۆڕانکارییە سیاسیەکانی ئێران و ناوچەکە لێکبدرێتەوە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک سەد ساڵی ڕابردوو و بگرە زیاتر لە دەیان ساڵی ڕابردوو، بووەتە جێگەی سەرنجی زلهێزەکانی جیهان و ململانێی ناوچەیی. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ئێستایشی لە گەڵ بێ یەکێکە لە هەرە گرنگترین ناوچەکانی جیهان لە بواری ئابووری و ژئۆپولۆتیکەوەیە. چ لە سەردەمی شەڕی سارد و چ پاش ڕووخاندنی سۆڤییەتی پێشوو، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ زلهێزەکانی گرینگی خۆی هەبووە. ئێستاش ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆڕانکاریی گەورە ڕاوەستاوە کە دەتوانێ بۆ دەیان ساڵی داهاتوو، زۆرێک لە کێشە ناوچەیی و جیهانییەکان یەکلا بکاتەوە. لەم ناوەدا، کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەبەردەم هەلی لەبار و مێژوویی ڕاوەستاوە، هاوکات، دەتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژی دیکە، چەوسانەوەی گەلی کورد و بێبەشبوونی لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ڕزگاریی نەتەوەیی دوابخرێ. کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناتوانێ بەبێ لە بەرچاوگرتنی کێشەی گشتی کورد بێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئێرانیش بەرەو گۆڕان دەچێ. کۆماری ئیسلامی سالانێکە لە گەڵ قەیرانی مەشروعیەت، قەیرانی دەسەڵات، قەیرانی ئابووری و

**"کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە تەواوەتیی هەست بەوەدەکات کە کوردستان زۆرتر لە هەر ناوچەیەکی دیکەی ئێران ئامادەی ڕاپەڕین و هەستانە. بۆ ئەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بتوانێ لە ئەمڕۆ و داهاتووی گۆڕانکارییە سیاسییەکان هەنگاوی گەورە هەڵگرێ و بەرەو بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆی نزیک بێتەوە، پێویستی بە کۆوەبوون لە دەوری ستراتیژێکی ڕوونی نەتەوەیی هەیە، کە بتوانێ زۆرترین هێزە سیاسییەکان و جەماوەری خەڵکی کوردستان لە خۆبگرێ. پێویستە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان پێوەندیی چڕوپڕی هەبێ و لە کۆمەڵگەی جیهانیی، جمووجۆڵی دیپلۆماسی بەهێز لە خۆ نیشان بدات."**

لەگەڵ داهاتوویەکی بەراستی نادیار رووبەڕووە. ساڵ دوای ساڵ کۆماری ئیسلامیی لەگەڵ بزووتنەوەی نارەزایەتی و ئەگەری شەپۆلی گەورەی جەماوەریی رووبەروو دەبێ. رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کۆماری ئیسلامیی، تاهاتووە بووەتە جێگەی مەترسیی. کۆماری ئیسلامیی، بە تەواوەتیی هەست بەوەدەکات کە کوردستان زۆرتر لە هەر ناوچەیەکی دیکەی ئێران ئامادەی راپەرین و هەستانە. بۆ ئەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان بتوانێ لە ئەمڕۆ و داهاتووی گۆرانکارییە سیاسییەکان هەنگاوی گەورە هەڵگرێ و بەرەو بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆی نزیک بێتەوە، پێویستی بە کۆوەبوون لە دەوری ستراتیژێکی روونی نەتەوەیی هەیە، کە بتوانێ زۆرترین هێزە سیاسییەکان و جەماوەری خەڵکی کوردستان لە خۆبگرێ. پێویستە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان پێوەندیی چڕوپڕی هەبێ و لە کۆمەڵگەی جیهانی جمووجۆڵی دیپلۆماسی بە هێز لە خۆ نیشان بدات .

**کۆنگرە: چەند ساڵێکە قەیرانی سیاسی و رێکخراوەیی قووڵ، بەرەورووی حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵات _ لەوانە کۆمەڵەش بووەتەوە. بەرێزتان، هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم قەیرانە لە چیدا دەبینن ؟ سەرچاوەی سەرهەڵدانی ناکۆکییەکان چین ؟**

**رەزا کەعبی:** قەیرانی سیاسی و ناکۆکی لە ناو حیزبەکانی رۆژهەڵات، یان بەشەکانی دیکەی کوردستان ئەگەرچی لە دووساڵی رابردوودا بەرچاوتر بووە و بە لێکترازانی زۆرێک لە حیزبەکان بە سەرئەنجام گەیشتووە، بەڵام بە هیچ جۆرێک دیاردەیەکی تازە و نامۆ نییە. سەرتاسەری مێژووی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران پڕە لە ململانێی سیاسی، ناکۆکی ناوخۆیی، قەیرانی رێکخراوەیی کە بە داخەوە زۆر جار بەکارەسات کۆتایی پێهاتووە و دواتریش بووەتە شەڕی ناوخۆی باڵەکان و لایەنەکانی حیزبی دیمۆکرات. کۆمەڵەش کە پاش رووخاندنی رژیمی پاشایەتیی، بە خێرایەکی بەرچاو گەشەی کرد و بووبە یەکێک لە گەورەترین هێزە سیاسییەکانی کوردستان و جێگەی سەرنج لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، زۆرجار و هەر چەن ساڵ جارێک لە گەڵ ململانێی سیاسی ناوخۆیی، لێکترازان و ناکۆکی زۆر تاڵی قەیرانی ناوخۆیی و رێکخراوەیی رووبەروو بووە. حیزبی دیمۆکرات لە کۆنگرەی ۲،۳،٤،۸،۱۳ لە گەڵ قەیرانی زۆر گەورە بەرەروو بووە کە زۆرێک بە جیابوونەوەی باڵێک، یا بە لێکترازانی گەورە و دوولەت بوون کۆتایی پێهاتووە. کۆمەڵە پاش پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست، کە ئەویش بە هۆی شەڕی گەرمی پێشمەرگە و بەرگری لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی داپۆشرا ـ زۆر جار لە گەڵ قەیرانی سیاسی و لێکترازانی باڵێک، یان دوولەتبوون رووبەروو بووە. لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستاندا، ئێستاش چارەنووسی یەکێک لە ناسراوترین سکرتێرەکەیان **"ئەحمەد توفیق"** نادیارە و زۆرێک لە رێبەرانی ئەم حیزبە کە بیرەوەرییان نووسیووە، ئاماژە بە نزیک بە ۱۰ ساڵ سکرتێری ئەحمەد توفیق ناکەن.

لە کۆمەڵەدا، ململانێی سیاسی و ستراتیژی سیاسیی، هیچکات نەبڕایەوە. کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵە ماوەیەک پێش رووخاندنی رژیمی شا گیرا، بەڵام تا ئێستاش لاپەرەیەک بەڵگەنامە، یان بڕیارنامەیەک کە رێبازی کۆمەڵە نیشانبدات، بڵاونەکراوەتەوە. پاش رووخاندنی رژێم، بەڵام کۆمەڵە و رێبەرانی توانییان بەچەشنێکی وا لە ریزی پێشەوەی بزووتنەوەیەکی نوێ، بە گوڕوتینی پێشکەوتنخوازانەوە جێبگرن، کە بۆ ماوەیک نەبوونی ستراتیژی سیاسی روون و پەسندکراوی شاردەوە. بەڵام ململانێی ناوخۆیی کۆمەڵە هەر بەردەوامبوو. کاتێک کۆنگرەی دووهەمی کۆمەڵە - خەت (هێڵ) ی حیزبی کۆمۆنیست توانی سەرکەوێ و، رێی بێبایەخ کردن و دوورکەوتنەوە لە بزووتنەوەی کوردستانی هەڵبژێری و گرینگی و بایەخ بدات بە پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست، زۆری نەخایاند کە کێشەی دیکە سەریهەڵدا و، کۆمۆنیستی کرێکاری پەیدا بوو، کە حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵەی بە تەواوەتیی دابەشکرد. پاش رۆشتنی کۆمۆنیزمی کرێکاریی، ململانێی ناو کۆمەڵە قەت کۆتایی پێنەهات. لە هاوینی ساڵی ۲۰۰۰، باڵێک لە کۆمەڵە کە بەناوی "هاتنەدەری کۆمەڵە لە حیزبی کۆمۆنیست" ناوبانگی دەرکرد، کۆمەڵە بوو بە دوولەتەوە ٦-٧ ساڵ دواتر **"رەوتی رێفۆرم "** سەریهەڵدا و جارێکی تر کۆمەڵە تووشی لێکترازان بوو. لە ناو حیزبی کۆمۆنیستیش، فراکسیۆنی هەڵسووڕانی بە ناو کۆمەڵە خەریکی ململانێی سیاسی و رێکخراوەیی توندە.

**سەرچاوەی ناکۆکییەکان و ململانێی ناو حیزبەکان کە لە چەند دەیەی رابردوودا هیچکات نەبڕاوەتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگەی کوردستان،** ئێران و گۆڕانکارییە جیهانییەکان کە هەموو کەلێن و قوژبنی جیهانی تەنیوەتەوە. کوردستان لە ٤۰ ساڵی رابردوودا، کۆمەڵگەیەکی لە حاڵی گۆڕان، گەشەو ئاوەدانکردنەوە، تێکچوونی موناسباتی کۆن، لەناو چوونی هێزەکۆمەڵایەتییە کۆنەکان و سوننەتی و پەیدابوونی هێزی کۆمەڵایەتیی نوێ، شارنشینی و گەورەبوونەوەی شارەکانی بە خۆوە بینیووە، پێوەندی لە

گەڵ دونیای دەرەوە بەسەد بەرامبەر زیادی کردووە، خوێندەواری، پێگەی ژن و کۆمەڵگە، کولتوور و ئەدەبیات و جمووجۆڵی سیاسی، فەرهەنگیی، تا هاتووە بەرینتر بوەتەوە. ئیسلاحاتی ئەرزی، شۆڕشی ساڵی ٥٧ ی گەلانی ئێران و رووخاندنی رژیمی پاشایەتیی، سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی نوێ، چەکداری، گەورە و جەماوەری کە بەشێکی گەورەی لە کوردستانی گرتەوە، و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی ٢٠ ساڵی رابردوو کە نەتەنیا کوردستان کە ئێرانی گرتووەتەوە، لەسەر هەموو دیاردیەک، لە سەر حیزبایەتی، لەسەر ستراتێژی سیاسی حیزبەکان، پێکهاتەی رێکخراوەیی و حیزبایەتی، فەرهەنگی سیاسی و موناسباتی نێوان حیزبەکان، کاروچالاکی راگەیاندنەکان، پێشمەرگانە و دیپلۆماسی، راستەوخۆ کاریگەری داناوە. بەم گۆرانکاریانە حیزبایەتی ناتوانێ وەک خۆی بمێنێتەوە. حیزبەکانی رۆژهەلاتت وەکوو زۆربەی حیزبەکانی جیهان، بەرهەمی شۆڕشی ئۆکتۆبری رووسیە و شەڕی ساردن. فەرهەنگ و پێکهاتەی حیزبەکان ناتوانێ بە نوقم بوونی ئاسەواری شۆڕشی ئۆکتۆبر و تەواو بونی شەڕی سارد وەکوو خۆی بمێنێتەوە. سەرەڕای جیاوازی زۆری نێوان حیزبی دیموکرات و کومەڵە بەلام پێکهاتە و فەرهەنگی حیزبیان زۆر لێک نزیک بووە.

هەر بۆیە حیزبایەتی ناتوانێ تووشی گۆڕان نەبێ. بە تایبەت کۆمەڵە و دێمۆکرات کە لە سی ساڵی رابردوودا لە بزووتنەوەیەکی زۆر زیندوو، جەماوەری، چەکداری حزووریان بووە، زۆر زۆر سروشتیە کە تووشی ناکۆکی، ململانێی ناوخۆیی و تەنانەت لێکترازانیش بن. بە تایبەت ئێمە لە قۆناغێکداین کە بیرکردنەوە لە رابردوو، لە هەڵەکان و لە کارنامەی حیزبەکان بۆ کاری داهاتوو پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. کۆمەڵگەی کوردستان لەبەردەم ئاڵوگۆڕدایە، هێشتا هێزە کۆمەلایەتییەکانی ئەم کۆمەڵگەیە یەکلایی نەبوونەتەوە، هێشتا مەودا بۆ گەشەی ئابووری و گەشەی شارەکان و گەشەی هێزەکۆمەلایەتیەکان لەکوردستان زۆرە. کوردستان هێشتا لە قوناخی تێپەڕبوون و گوزاردایە. زۆر زۆر ئاسایە کە حیزبەکان و حیزبایەتیی لە گۆڕاندابن. من پێموایە دەبێ چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕی زۆر گەورەتری حیزبەکان بین. چ کۆمەڵە و چ دیموکرات شەرت نییە وەک خۆیان بمێننەوە. من زۆر چاوەڕوانیی ئەوە دەکەم کە باڵەکانی کۆمەڵە و دیموکرات هەرکام لە گەڵ تێکەڵبوون و یەکگرتنەوەیەک رووبەروو ببنەوە. شەرت نییە بەم جۆرەی ئێستا بمێنێتەوە. نە هیچ کام لەم باڵانە دەتوانن نوێنەرایەتی رەوتی کۆمەڵە یان دیموکرات بە تەواویی بکەن و نە دەکرێ لە بەرچاو نەگیرێن. ئەوەی کە ئێمە، حیزبەکان و هەر چالاکێکی سیاسی و دڵسۆزی بزووتنەوەی کوردستان دەبێ لە بەرچاوی بگرێ نە سکالا لە ناکۆکی نێوان حیزبەکان و نە بلاوکردنەوەی تۆی بەدگومانی و پەژارە و نارەحەتی، بەڵکو هەوڵدانە بۆ پێکهێنانی فەزا و دەرفەتێکی زۆر ئەمرۆیانە و مودێرن بۆ پێش بردنی ناکۆکی سیاسی و فیکری لە کۆمەڵگای کوردستان. بە بێ هیچ گومانێک بوونی فیکری جیاوازی و پێش بردنی دیالۆگی چرووپر بە پێش کەوتنی زۆرتری فەرهەنگی و سیاسی کوردستان خزمەت دەکات. لێکولینەوە لە قەیرانی حیزبەکان و گەیشتن بە رێبازێکی روون و دروست بۆ داهاتوو مومکن و ئەرکی جیلی نۆی حیزبەکانە. کێ ئەم ئەرکە بە ئەستو ئەگرێ و وەلامی دروستی پێدەداتەوە، دەتوانی جەلەوی خەباتی رەوت و حیزبەکەی بە دەستوە بگرێ.

**کۆنگرە: زۆرینەی حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان، دروشمی فیدراڵییان هەڵبژاردووە، ئایا ئەم هەڵبژاردنە لاساییکردنەوەیە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان یان هەڵبژاردنی ئەو دروشمە، لە ئەنجامی لێکدانەوەیەکی زانستیانە و بابەتانە و بە رێککەوتن ل گەڵ نوێنەرەکانی گەلانی دیکەی ئێرانەوەیە؟**

**رەزا کەعبی:** دروشمی فیدراڵی، نە لە کوردستانەوە بەرز کراوەتەوەو نە دروسکراوی پارتی و یەکێتییە. فیدراڵیزم یەکێک لە ئەزموونە بە نرخەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە کە بەشێکی گەورە لە جیهان بەم سیستەمە ئیدارەدەکرێ. لە ٥٠ ساڵی رابردوودا سیستمی لیبرالیسم، کۆمۆنیسم، ناسیۆنالیسم، فیدراڵیسم، جمهوری و .... بەیەک وڵاتەوە نەبەستراوەتەوە. کاتێک ئەم سیستمانە لە وڵاتی خۆیان سەرکەوتن، توانیویەتی کاریگەریی گەورە لەسەر وڵاتانی جیهان دابنێ و وەک ئولگویەک و نموونەیەک بەکار بگیرێ. شۆڕشی ١٧٨٩ فەرانسە گەورەترین کاریگەری لەسەر رەوتی سیاسی و پێکهاتەیی و سیستمی سیاسی لە جیهان داناوە. شۆڕشەکانی ئورووپا لە ساڵی ١٨٤٨ ئۆکتۆبری ١٩١٧، ئەیاری ١٩٦٨ ئورووپا و رووخاندنی سۆڤییەتی پێشوو ١٩٨٩ زۆر شۆڕش و راپەڕین و گۆرانکاری سیاسی گەورە لەسەر پێکهاتەی سیاسی وڵاتانی جیهان کاریگەریی داناوە. فیدراڵیسم یەکێک لەو شێوازانەیە کە لە زۆربەی جیهان وەک سیستمێک کە دەتوانی بە تایبەت لەو وڵاتانەی کە فرەنەتەوەن، زۆرترین لایەنگر پەیدا بکات و تا ئێستاش

سیستمێکی سەرکەوتوو بووە. کەوابوو، زۆر روون و ئاساییە کە هێزە سیاسیەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش، بەلای سیستمێکدا بچن کە تاقیکراوەتەوە. بۆ ئێرانی فرەنەتەوە، فیدراڵی گونجاوترین سیستم و دروشم دەتوانێ بێ. قانوونمەندیی خۆی هەیە و لایەنەکان زۆرتر دەتوانن لەسەری رێکبکەون.

**کۆنگرە: فیدراڵی، یان هەر جۆرە سیستمێک کە چەند نەتەوەیەک لە ئەنجامی راپرسی و لە پێناو چەند ئامانجێکی هاوبەشدا، گرێبدات و دەوڵەتێکی هاوبەش پێکبێنن، پێویستی بە پێشزەوینە و ئەزموون و تاقیکارییەکی دوورو درێژی فەرهەنگی، ئازادیخوازی و دیموکراسی هەیە. بۆچی حیزبەکانی کوردستان بۆ ئاوڕدانەوە لەم بابەتە گرنگە دروشمی فیدراڵییان هەڵبژاردووە؟ بۆچوونی بەرێزتان لەم بارەوە چییە ؟**

**رەزا کەعبی:** ئاماژەی پرسیاری ئێوە، ناتوانێ تەنیا فیدراڵیزم بگرێتەوە. هەر جۆرە سیستمێک دەبێ لە ئەنجامی خوێندنەوەو بەراوردکردنێکی هەمە لایەنە هەڵبژێردرێ. بەڵام هێزە سیاسیەکانی کوردستان ناتوانن سالانێکی دوورو درێژ سەرقاڵی لێدوانی هەر سیستمێک بن و پاشان هەڵیبژێرن. خێرایی رەوتی گۆڕانکاریەکان دەخوازێ کە هێزە سیاسییەکان بە تایبەت لە وڵاتێکی فرە نەتەوە، هاوئاهەنگ لە گەڵ هێزە سیاسییەکانی نەتەوەکانی دیکە لەسەر سیستمێک ساخ ببنەوە. ئەو سیستمانەی کە ئێستا لە جیهاندا هەیە، گۆڕانی زۆری بەسەرد هاتووە. سیستمی فیدراڵی ساڵ بە ساڵ ئاڵ و گۆڕی بەسەردا دێ. هەل ومەرج دەگۆردرێ. زۆرێک لە یاساکانی فیدراڵی کۆن دەبن و دەبێ جێگای خۆی بدات بە یاسای نوێ بە بێ هەلومەرجی نوێ. سیستمەکانی دیکەش هەروایە. پەسندکردنی سیستمی فیدراڵی لە لایەن حیزبەکانەوە یان لە لایەن گەلانەوە لە قۆناغی خەبات بۆ رزگاری زۆرتر وەک پلاتفۆرمێکی سیاسی وایە تا پلانێک بۆ دارشتنی پێکهاتەی کۆمەڵگە. لە دوارۆژی گۆرانکارییە سیاسییەکانیش من پێموایە فیدراڵی دەتوانێ وەلامدەرەوە بێ و تا ئێستاش سەرکەوتووترین سیستمە بۆ زۆرترین بەشداری خەڵک لە چارەنووسی سیاسی خۆیان.

**کۆنگرە: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، بە رەسمی بوو بە سێ بەشەوە، هەر بەشەش خۆی بە هێڵی رەسەن و سەرەکی کۆمەڵە دەزانێت. زۆرینەی ئەندامان و پێشمەرگەی کۆنی کۆمەڵە ئاوات و خۆزگە بە کۆمەڵەی ٢٥ و ٣٠ ساڵ پێش دەخوازن. ئایا ئەم هەست و خۆشەویستیە دەگەڕێتەوە بۆ هەست و سۆز و هاورێیەتی و بیرەوەری کۆن، یان "کۆمەڵەی جاران" ستراتیژی دیاریکراوی سیاسی و نەتەوەیی هەبوو و ئێستا لایداوەلێ؟**

**رەزا کەعبی:** کۆمەڵە پاش رووخانی رژیمی پاشایەتی بە خێراییەکی بەرچاو گەشەی کرد و هاتە سەر شانۆی خەباتی رزگاریخوازیی کوردستان. گەشەی کۆمەڵە خۆی پێویستییەکی سەردەم بوو. رەوتی کۆمەڵایەتیی پاش ئیسلاحاتی ئەرزی (دابەشکردنی زەوی) لە ئێران، پێویستی بوونی هێزی سیاسی وەک کۆمەڵە زۆرتر دەخستە بەردەم کۆمەڵگای کوردستان. ئەگەر گەشەی کۆمەڵە پاش رووخاندنی رژیمی شا بە هۆی رابەران و کادری زۆر لێهاتوو پاک و جێگەی متمانەی خەڵک مومکن بوو بەڵام بوونی رەوتێکی کۆمەڵایەتیی بە هێز و دەرئەنجامی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵایەتیی لە کوردستان بوو کە زۆرترین هەل و ئیمکانی بۆ حوزووری هێزێکی سیاسی وەک کۆمەڵە رەخساند. حوزووری کۆمەڵە لە مەیدانەکانی جۆراوجۆری خەبات، حوزووری رابەرانی لە ریزی پێشەوەی خەبات، تێکەڵبوونی بە خەڵک، خۆشەویستی خەڵکی زەحمەتکێش، لە خۆبردوویی و خەباتکاری، کۆمەڵەی کردە هێزێکی جێگەی متمانەی خەڵک . کۆمەڵە پێشکەوتووترین بیروباوەڕی هێنایە ناو خەڵکی کوردستان، یەکسانیی ژن و پیاو، بردنی سیاسەت و خەباتی سیاسیی بۆ ناوخەڵک و هێنانەدەرەوەی لە پاوانی ژمارەیەکی کەم، جەماوەریترکردنی خەباتی سیاسی و بەشداری و حوزووری خەڵک لە گۆڕانکاریی سیاسی، بە کۆمەڵەوە دەناسرێتەوە. بە هەڵگیرسانی شەڕ لە کوردستان و هێرشی رژیم، هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بەراستی قۆناغێکی

**"رژێمی داگیرگەری کۆماری ئیسلامی، قۆناغێکی پڕ لە قەیران تێپەڕ دەکات. ساڵانێکە، قەیرانی مەشرووعییەت، ئابووری، کۆمەڵایەتی و قەیرانی تەریککەوتن لە ئاستی جیهانیی کۆماری ئیسلامیی داگرتووە. شەڕی دەسەڵات لەنێو رژێمی کۆماری ئیسلامیدا تا هاتووە قووڵتر بووەتەوە و سەرچاوەی شەڕی دەسەڵات، لە ناو باڵەکانی رژێم، دەگەڕێتەوە بۆ داهاتووی زۆر تاریک و نادیاری ئەم رژێمە. رژێمی ئیسلامیی ئێران لە گەڵ شەپۆلی گەورەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییەکان رووبەرووە کە لە هەموو ماوەی دەسەڵاتی خۆی کەم وێنەیە."**

پرشنگداری بۆ خۆی تۆمار کرد. بەڵام کۆمەڵە ئاڵوگۆڕی گەورەی بەسەرداهاتوو. پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست، بە جێهێشتنی کوردستان لە لایەن بەشێک لە ڕێبەریی حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵەوە و پاشان لە هەناردنی کادر بۆ دەرەوەی وڵات، وەک ئامرازێکی گوشار کەڵکوەرگرتن، سەرئەنجام خستنی هەموو کادر و پێشمەرگە بۆ ناو لیستی پرۆژەی هەناردن بۆ دەرەوەی وڵات، شەڕی ناوخۆیی لە کوردستاندا، پەیدابوونی کۆمۆنیزمی کرێکاری، پشتکردن لە خەباتێکی پرشنگدار، کۆمەڵەی تووشی قەیرانی، لێکترازان و دوژمنی و هەڵوەشاندنەوە کرد. بەم جۆرە زۆر زۆر سروشتییە کە زۆرینەی ئەندامانی پێشمەرگەی کۆنی کۆمەڵە، کە نەتەنیا بەشدارنین لەم تاوانی هەڵوەشاندنەوە و بە جێهێشتنە، بەڵکو قوربانیی وەها سیاسەت و ڕێبازێکن، ئاوات و خۆزگە بە کۆمەڵەی ٢٥ و ٣٠ ساڵ پێش بخوازن. بیرەوەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان (٥٨-٦٨) هێشتا زۆر زۆر زیندووە کە کۆمەڵە تێیدا بەراستی درەوشاو، مێژووی پرشنگدار و پڕ لە سەروەریی بۆ خۆی تۆمار کرد. ئاوات و خۆزگەخواردن بەم مێژووە، جێگەی خۆیەتی. بەڵام مادام کە ئێمە یان هەر ڕەوتێکی دیکە ئەم مێژووە تەنانەت بە قۆناغە زۆر پرشنگدارەکەیەوە نەداتە بەر لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانە، ناتوانێ هەنگاوی دروست و گونجاو بەرەو داهاتوو هەڵگرێ. ئەم لێکۆڵینەوە ڕەخنەگرانە دەبێ ڕاشکاوانە هەموو لایەنەکان بگرێتەوە. سەروەری و شانازییەکانی بپارێزێ و بیکاتە ئەزموون بۆ جیلی تازە و داهاتووی کوردستان و کەم و کوڕییەکانی بخاتە بەرچاو.

**کۆنگرە: داهاتووی ڕژیمی داگیرکەری ئێران چۆن دەبینن؟**

**ڕەزا کەعبی:** ڕژیمی داگیرگەری کۆماری ئیسلامی، قۆناغێکی پڕ لە قەیران تێپەڕ دەکات. ساڵانێکە کە قەیرانی مەشرووعییەت، ئابووری، کۆمەڵایەتی و قەیرانی تەریککەوتن لە ئاستی جیهانیی کۆماری ئیسلامیی داگرتووە. شەڕی دەسەڵات لەنێو ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا تا هاتووە قووڵتر بووەتەوەو سەرچاوەی شەڕی دەسەڵات لە ناو باڵەکانی ڕژیم، دەگەڕێتەوە بۆ داهاتووی زۆر تاریک و نادیاری ئەم ڕژیمە. ڕژیمی ئیسلامیی ئێران لە گەڵ شەپۆلی گەورەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییەکان ڕووبەڕووە کە لە هەموو ماوەی دەسەڵاتی خۆی کەم وێنەیە. بزووتنەوەی کرێکاران، ژنان، خوێندکاران، گەلانی ئێران بووەتە جێگەی مەترسی گەورەی ڕژێم. دووحەوتوو لەمەوپێش فەرماندەی هێزی ئینتزامی وتی کە ئێمە بۆ بەرامبەرکێ لە گەڵ شۆڕشی خەڵک، پلانی دارێژراومان هەیە. هەروەها سێ مانگ لەمەوپێش هێزەکانی ڕژێم لە مانۆڕێکدا تارانیان گەمارۆدا تا لە ئەگەری هەرچەشنە تەقینەوەیەکی جەماوەریدا ئامادە بن. لە ئاستی جیهانیی، ڕژیمی ئێران بە تیرۆریستپەروەر، بە پێشێلکەری مافی مرۆڤ، بە دژی ژن و دژی گەلان و هەر چەشنە ڕوناکبیری و ئازادی ناسراوە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە هۆکاری نائارامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەناسرێتەوە. ڕژیمی داگیرکەری ئێران داهاتووی نییە. وەک هەر ڕژێمێکی دیکەی دیکتاتۆری و دژی خەڵکی، ڕۆژێک دەبێ تاوانی دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی خۆی بداتەوە. هەموویان دیاردەکان لە ئێران و ناوچەکە پێماندەڵێن کە کۆماری ئیسلامیی لە بەرامبەر گەورەترین تەنگاوو قەیران و هەرەسهێنانی دەسەڵات و مەشرووعیەت ناتوانێ بەم جۆرە درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدات.

**کۆنگرە: مەرج و پێوانەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان چین بۆ پێکهێنانی "بەرە" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟**

**ڕەزا کەعبی:** باسی بەرەی کوردستانی لەم ساڵانەی دواییدا بە تایبەت لە ساڵی ٢٠٠٣وە کە کۆمەڵە لە کۆنفرانسی هەشتەمی خۆی لە هاوینی ئەم ساڵەدا وەک بڕیارنامەیەک هێنایە گۆڕێ و خستیە بەردەم حیزبەکان و کۆڕو کۆمەڵی سیاسی و کۆمەڵانی خەڵک، بەگەرمی زۆرتر هاتە ناو باسەکانەوە. کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات (کە ئەودەم هێشتا لێکترازان لە ناویان دا ڕووی نەدابوو) کۆمیسیۆنێکی هاوبەشیان لە ئاستی دەفتەری سیاسی بۆ باس لە سەر پێکهێنانی بەرەی کوردستانی دامەزراند و کەوتنە گفت و گۆ. ئەم کۆمیسیۆنە چەندین کۆبوونەوەی بەست و دوای لە سەر چەند خاڵ ناکۆک بوون و گوزارشی خۆیان پێش کەش بە هەر دوو دەفتەری سیاسی کرد. لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی هەر دوو دەفتەری سیاسی، گوازرشی کۆمیسیۆنی هاوبەش کەوتە بەرباس. لە سەر چەند خاڵی ناکۆکی هەبو، هەردوو دەفتەری سیاسی بە خێرایی بە تەوافوق گەیشتن.

تەنیا یەک خاڵ مایەوە ئەویش ئەوە بوو کە دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکرات مەرجی ئەوەبوو کە لە بەرەی کوردستانی هەموو حیزبەکان بەلایەک و حیزبی دێمۆکرات بە لایەک و دەبێ ئەم مافە بۆ حیزبی دێمۆکرات بە ڕەسمیەت بناسرێت. هەیئەتی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵە بە دروست ئەم مەرجەی قەبووڵ نەبوو و سەرەڕای باسێکی زۆر، کۆبوونەوەکە بێ ئاکام مایەوە و چیدی لە سەر بەرەی کوردستانی درێژەی پەیدا نەکرد. زۆر ڕوون بوو کە لە

کۆبوونەوەی هەر دوو دەفتەری سیاسی، مەبەستی هەیئەتی دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکرات ئەوە بۆ کە تەنانەت تەوافوقی کۆمیسیۆنی هاوبەش کە نوێنەرایەتی حیزبی دێمۆکراتییشی تێدا بەشدار بوون، تێک بداتەوە و هەیئەتی دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکرات زۆر زۆر بێ ئیستدلال و بێ دەلیل، ئەو رادە تەوافوقەی کە پێکهاتوو نە تەنیا تێکیدا کە موناسباتی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دێمۆکراتیشی تا رادەیەک بردەوە دواوە. بەڵام پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لەو سەردەمە تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ موناسباتی کۆمەڵە و تەنیا ناکەوێتە ئەستوی حیزبی دێمۆکرات. تا ئەو جێگایە بە کۆمەڵە هەڵدەگەڕێتەوە، کۆمەڵە و بە تایبەت سکرتێرەکەی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی تەنیا بە تەوافوقی نێوان حیزبی دێمۆکرات و کۆمەڵەی دەزانی. دووهەم ئەوە بوو کە کۆمەڵە زۆر زۆر بە پەلە بوو. بە تایبەت ئەوە کە سکرتێرەکەی ئەوەدەمی کۆمەڵە، پێکهێنانی بەرەی کوردستانیی، زۆرتر وەک سەرکەوتنێک بۆخۆی لە کۆروکۆمەڵی دەرەوەی وڵات و لەو خەیاڵانەی کە خوی تێدا دەژیا (وەک سەرۆککۆمار خەونی بە فەرشی سوورەوە دەیت)، دەزانی تا بەرەیەکی کوردستانی بۆ گەشەی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان. هەروەک چۆن لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێران بۆ خۆپیشاندان لە میدیاکان و وەک کارتێک لەو "واشینگتۆنەی" کە لە خەویدا بوو، بە کاری دێنا. هەر چەند لە واشینگتۆن کاریکی وای پێنەکرا و پاشان لە دانیشتنێک لە ستۆکۆلهم زۆر گەورەی کردەوە. مەبەستێکی دیکەی سکرتێری ئەوکاتی کۆمەڵە لە پەلە بۆ پێکهێنانی بەرە، بەرپەچدانەوەی موخالفینی ناوخۆیی کومەڵە بوو و بەرپەچدانەوەی رەوتێکی زۆر نارازی لە سیاست و بە تایبەت بێ پرنیسیپەکانی سکرتێر بوو. ئەم سکرتێرە لەو خەونە دەژیا کە بەلکو بە بەرە و بە ریکخراوەیک بۆ نەتەوەکانی ئێران و کاریزمایکی خەیاڵیی، نارەزایەتی نێو کۆمەڵە دەور لێبداتەوە و کپی بکات.

ئێستا هەم کۆمەڵە و هەم حیزبی دێمۆکرات تووشی لێکترازان بوون و باسی بەرەی کوردستانیی، پێش زەوینەی خۆی زۆرتر لە دەسداوە. موناسباتی نێوان باڵەکانی کۆمەڵە و حیزبی دێمۆکرات ئاسایی نییە و هێشتا لە کەشوهەوای "ئینشعاب" و ناکۆکیی ئاشکارادان. هەر بۆیە پێموایە ئەگەر پێشتر لایەنێک ڕێگەی بە خۆی بدایە کە مەرج و پێوانە بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی مەترەح بکەن، ئێستا بە هیچ جۆرێک مەودای دانانی مەرج و پێوانە بۆ هیچ لایەک نەماوە. ئەگەریش هەولێک بو بەرە لە ئارادا بێ، ئەوە زۆرتر بو کێبەرکێ و دژایەتی باڵکانی یەکترە، تا تێگەیشتن و پێداچونەوەیەکی رەخنەگرانە.

بەڵام **بەرەی کوردستانی** پێویستیی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان. بە گۆڕینی سەردەم، موناسباتی نێوان حیزبەکانیش تا هاتووە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. بە بوونی میدیای بە هێزی راگەیاندن، تلویزیۆن و سایتی ئینترنێتی کە هەر لایەنێک و حیزبێک دەتوانێ بیروباوەر و ستراتیژی و سیاسەتی خۆی بە بەربڵاوی بباتە ناو خەڵک و کۆمەڵگەوە و هەروەها چوونە سەری رادەی هۆشیاری زۆرتری خەڵک و خوێندەواری و گەشەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، حیزبی سیاسی سەردەمی ئێستا دەبێ قورسایی خۆی زۆرتر بخاتە سەر ئەوەی کە لەم ڕێگایانەوە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەی خۆی دانێ. هیچ کات حیزبێک ڕێگەی حیزبی دیکەی نەگرتووە. هەر بۆیە پێوەندیی نێوان حیزبە سیاسییەکان لە کوردستان، دەبێ گۆڕانی گەورەی بەسەردا بێ. کێبەرکێ و ململانێی ژێر بە ژێر و دواکەوتووانە، دەبێ جێگەی خۆی بدات بە دیالۆگ، هاوکاری، پێوەندیی چڕوپڕ. لە کاری هاوبەشدایە کە هەر لایەنێک باشتر گەشە دەکا. ئێمە لە کۆنگرەی خۆماندا بە تێر و تەسەلی باسی پێوەندیی نێوان کۆمەڵە و حیزبە کوردستانییەکانمان کردووە و هەوڵی ئەوەمانە کە موناسباتی نوێ لە نێوان خۆمان و حیزبەکان و حیزبەکان بە گشتی بێتە ئاراوە. لە کار بۆ بەرەی کوردستانی دانانی مەرج ناتوانێ ڕێگایەک بکاتەوە بەلاَم زۆر ڕێگایان لێ دەبەستێ. نە تەنیا حیزبەکان، ئێمە دەبێ بتوانین بۆ بەرەی کوردستانی لە گەڵ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆی کوردستان و کەسایەتییە سیاسییەکانی ناوەوە جۆرێک پرد و پێوەندیی دروست بکەین. هۆنەر کۆکردنەوەی هەموو هێزی نیشتمانی لە دەوری پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی و گشتگیرە، مەرجدانان و پێوانە دروستکردن و حەزفی ئەم و ئەو، هەر کەس لە ماڵی خۆی لە پشت کامپیۆترەکەی دەتوانێ بیکات. بەڵام کاری هاوبەش، هێز و کار و ماندوو بوون و سازانی دەوێت.

**کۆنگرە: بیری نەتەوەیی واتە بیری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی و رزگاری یەکجارەکی کورد لە کوێلەیەتی و بندەستی، لە نێو چینی خوێندەوار و رۆشنبیر و تەنانەت لە نێو ئەندامانی زۆربەی حیزبەکانی کوردستان پەرەی سەندووە. ئێوە راتان چییە بەرامبەر سەربە خۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربە خۆی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان چ پلان و تێروانینێکی هەیە بۆئەم بابەتە؟**

**ڕەزا کەعبی:** بیری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی و ڕزگاریی یەکجارەکیی کورد، ئەگەریش لە نێو ئەندامانی زۆربەی حیزبەکانی کوردستان پەرەی سەندبێ کە حەتمەن وایە، شتێکی تازە نییە. ئەم بیرە نە تەنیا لە ناو تێکۆشەرانی سیاسی و ئەندامانی حیزبەکان کە دەیان ساڵە ئاوات و ئارەزووی کۆمەڵانی خەڵکی کورستان لە هەموو بەشەکانی کوردستانە کە بە سەربەخۆیی بگەن. هەر چوار بەشەکەی کوردستان یەکبگرن و کوردستان بە هەموو بەشەکانیەوە بە ڕزگاری یەکجاری بگات.

لە دەیان ساڵی رابردوودا، هەزاران تێکۆشەری ڕێگای ڕزگاری خەڵکی کوردستان خۆیان بە هیچ سنووریکەوە نەبەستوەتەوە. پێوەندی نێوان بزووتنەوەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان زۆر گەرم بووە. هەڵسوکەوت و هەستان و شکاندنی بزووتنەوەکان و ئینشعابی ناو حیزبەکان بە خێرایی کاریگەری لەسەر بەشەکانی دیکەی کورستان داناوە. کاریگەریی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لەسەر سوریە و ئێران و تورکیە حاشا هەڵنەگرە. کاریگەریی بزووتنەوەی کوردستانی ئێران لە سەر بەشەکانی دیکەش هەربەم جۆرە. ڕەوتی سیاسی هاوشێواز و هاوبیری یەک لە بەشەکانی دیکەی کوردستان هاتوونەتە ئاراوە. حزووری ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەرانی کوردستانی عێراق لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، پێش ئەوەش هاوکاری سێ حیزب و ڕەوتی کۆمەڵەی ژ.ک، حیزبی خۆیی بوون و حیزبی هیوا لە سێ بەشەی کوردستانی عێراق و تورکیە و ئێران، بەشداری کۆمەڵە لە بزووتنەوەی کوردستانی عێراق، بەشداری یەکێتیی نیشتمانی وەک **"هێزی پشتیوان"** لە شەڕی بەرگری لە دژی کۆماری ئیسلامیی، بەشداری تێکۆشەرانی کوردستانی تورکیە لە یەکێتیی نیشتمانی و زۆر نموونەی دیکە، ئەمە دەسەلمێنێ کە بۆ زۆربەی زۆری تێکۆشەرانی کوردستان بۆ خەبات و شۆڕش، کوردستان هیچ جیاوازییەکی نەبووە. دیارە نموونەی وەک پ .ک. ک . ش هەیە، هەرچەند زور دەبێ ڕەخنەگرانە چاو لە هەڵس و کەوتی لەم بارەوە بکەین، بەلام ئەویش بەشی بە حاڵی خۆی، بیری نەتەوەیی بردە ئاستێکی بەرفراوانتر و زۆرێک لە تێکۆشەرانی کوردستان لە بەشەکانی جۆراوجۆرەپێکەوە گرێ داوە.

لە دوو دەیەی رابردوو، بە تایبەت بەهۆی دامەزراندنی هەرێمی کوردستانەوە، ناوبانگی کورد و کوردستان و بزووتنەوەکانی و هەروەها زوڵموزۆری دژی گەلی کورد لە ئاستی جیهانیدا دەنگدانەوەی زۆرگەورەتری هەبووە. پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست زیاتر لە هەر کاتێکی تر لە مێژووی خۆیدا گەیشتووەتە ئاستێکی لەبار و گونجاو.

بەڵام بە بڕوای من هێشتا ناتوانین ئاڵای سەربەخۆیی و دامەرزاندنی کوردستانێکی گەورە بێتەوە، ستراتیژی و پلاتفورمی حیزبێکی سیاسی کوردستانی. ئێوە لە پرسیاری پێشووتاندا گوتتان: "فیدراڵی، یان هەر جۆرە سیستمێک کە چەند نەتەوەیەک لە ئەنجامی ڕاپرسی و لە پێناو چەند ئامانجێکی هاوبەشدا، گرێدات و دەوڵەتێکی هاوبەش پێکبێنن، پێویستی بە پێشزەوینە و ئەزموون و تاقیکارییەکی دوورو درێژی فەرهەنگی، ئازادیخوازی و دیموکراسی هەیە. بۆچی حیزبەکانی کوردستان بێ ئاوڕدانەوە لەم بابەت گرنگە دروشمی فیدراڵییان هەڵبژاردووە؟" ئەی بۆ کاتێک دێتە سەر باسی سەربەخۆیی ئەم ئامازانە نابێ لە بەر چاو بگیرێ؟ ئایا فیدرالیسم "پێشزەوینە و ئەزموون و تاقیکارییەکی دوورو درێژی فەرهەنگی" زۆرتر پێویستە یا فیدرالی؟.

تا ئێستاش سەرەرای ئەوەی کە کام حیزب زۆتر خۆی پێ نەتەوەیی بووبێ، بەلام حیزبێکی سیاسی نابینین کە جەماوەری بێ و ڕابەری بزووتنەوەیەکی گەورەبێ، و دروشم و ئاڵای سەربە خۆیی کردبێتە ستراتیژی سیاسی خۆی.

ئێمە وەک کۆمەڵەی زەحمەتکیشانی کوردستان لە بەرنامەی سیاسی خۆماندا، ڕاشکاوانە باس لە مافی نەتەوەیی خەڵکی کوردستانمان تا پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ کردووە. لەم بەرنامە پێویستیی کاری هاوبەش، پێوەندیی چڕوپڕی حیزبە کوردستانییەکان و پێوەندیی بزووتنەوەی کوردستان لە هەر بەشێکی لە گەڵ بەشەکانی بۆ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان وەک حزبێکی چەپی سوسیالیستی ئەم پەیوەندییەو هاوکاری و هاوخەباتیە زۆر زۆر پێویستە. کۆمەلە خۆی بەحیزبی ڕزگاریی نەتەوەیی دەزانێ وبۆ بەرەوپێشبردنی خەبات وبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات کاردەکات و بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ پێوەندیی لەگەڵ بزووتنەوەکانی بەشەکانی دیکە، پێوەندیی لە گەڵ هەموو حیزبە کوردستانییەکان و هاوخەباتی و پشتیوانی لەوان بە پرنسیپی خەباتکارانەی خۆی دەزانێ. ئێمە پێمانوایە ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ هاوکاری وهاوئاهەنگی و هاوخەباتی حیزبە کوردستانییەکان بووەتە پێویستییەکی هەم تاکتیکی هەم ستراتژیکی.







## سروودی جەژنی نەورۆزە!

جەژنە، جەژنی کوردستانە، جەژنی نەۆرۆزە
بە تیشکی ئاگر ئەنووسم جەژنە پیرۆزە
چاوگی ئاگر هێز و گیانمە
باوەڕی بەرزی کوردستانمە
سەیری کەن سەیری کەن سەیری کەن
شاخ و دەشت و شار و گوند کڵپەی سەندووە
گۆڕی مەرگی دوژمنانی لێ هەڵکەندووە
پڕبەدەم بانگ ئەکەم سەربەستیم ئەوێ
کوردستانم جێی شێرانە، ئەبێ سەرکەوێ
جەژنە جەژنی کوردستانە، جەژنی نەورۆزە
بە تیشکی ئاگر ئەنووسم جەژنە پیرۆزە
مایەی شانازیمە بسووتێم و نەمێنم
بەرووناکی لەشم، مافی کوردستانم بسێنم
جەرگ ئەسووتێ، جەرگ ئەسووتێ
بۆکرووزی گەییە ئاسمان، گەییە ئاسمان
تا لە ئێوە ئاشکرابێ ئەی هەموو جیهان
مێژوومان چەند زوحاک و ماری ختەچاڵ
چەند کەسی کرد بە گوڵ بۆ بەهاری ساڵ
کۆرپەکان دایکەکان بێدەرەتانان
مۆمی هەڵگیرساون بۆ ئازادیی کوردستان
جەژنە جەژنی کوردستانە، جەژنی نەورۆزە
بە تیشکی ئاگر ئەنووسم جەژنە پیرۆزە
رۆژی ئازادییە نەک زەبوونییە
ئەی منیش وەک گەلان حەقم بۆ نییە
بۆچی تاوانە گەر دیلی کەس نەبم
یان پلیشاوەی ژێر هەرەس نەبم
شەرتە تا گەر وایە بسووتێم و نەمێنم
بە کڵپەی خۆم مافی کوردستانم بسێنم
جەژنە جەژنی کوردستانە، جەژنی نەورۆزە
بە تیشکی ئاگر ئەنووسم جەژنە پیرۆزە

## بەهار "مامۆستا قانع"

ئەیوەتەن! دیسان بەهارە و ئارەزووی سەیرانمە
مەیلی هاژەی قەڵبەزەی بەفراوی کوێستانانمە
ئیشتیهای بۆنی گوڵ و، گوڵ سۆسەن و رێحانمە
ئارەزووی سەرکەوتنی لاوانی کوردستانمە
گەرچی بۆ جەهل و نەزانین، شۆرش و گریانمە

ئەیوەتەن! باخچەی تەبیعیت کافیە بۆ جەننەتم
مەنزەرەی سوبجی جەمالت، شافییە بۆ میحنەتم
تۆ پزیشکی دەردی دڵمی، بۆیە روو لە سیحەتم
لائەبا بۆنی وەنەوشەی چیمەنت، سەد عیەلەتم
لێو بەبار و دەستەئەژنۆ، سەرکزی کوردانمە

هۆزی کوردا! ئەمرۆ بەهارە، کەی بەهاری ئێمەیە؟
کەی وەتەن گوڵزار و باخ و لالەزاری ئێمەیە؟
کەی سلێمانی و هەڵەبجە و کۆیە، شاری ئێمەیە؟
خۆرنشین زەنگ زەردە گۆیژە دەردەداری ئێمەیە
کوێر نەبووم، ئەیلوولە تانەی سەرپەرەی چاوانمە

دوێ لە قەبرا نەوجوانێ تازە نەوخەت هاتەدەر
ئاورێکی دا نواڕی، بۆ سەراسەر دەشت و دەر
نەعرەتەی پێکا و بەدوودەس، دای لەسینە و تەپڵی سەر
بۆچی وا پاشکەوتووە، کوردی دلێری پڕ هونەر؟
ئەم وڵاتە بێکەسە، کەی خاکەکەی جارانمە؟!!

ئەیوەتەن! بێ شەوق و زەوقی ئیشی بێ ئەولادییە
بێستوون بێ نازە ئەمرۆ، کاری بێ فەرهادییە
رەبی خوسرەو کوێروکەڕ بێ، وا لەسەر بێدادییە
بۆ هەموو کەس دەورە دەورەی حورییو ئازادییە
ئەی خوا تاکەی ئەسیریی، خەلعەتی نیشتمانمە؟

# کێشەی کوردستان و فەلەستین لەنێوان "هەڤاڵبەندێتی"ی درۆزنەی رژێمی ترک و رژێمی ئیسرائیلدا

## ئەرێ، بەڕاستی، کێ کێی هەڵخەڵەتاند؟



**ئەڵمانیا: جەمال نەبەز**

کێشەی کوردستان و فەلەستین، دووکێشەی قورس و زەقی رۆژهەڵاتی ناڤین و ئەم جیهانەن و، هەردووکیان بریتین لەدۆزی دوونیشتمانی داگیرکراو، هەرچەندە، لەگەلێک رووەوە، لەیەکناچن. بۆ وێنە: فەلەستین، هەر لەلایەن یەک دەوڵەتەوە کە ئیسرائیلە داگیرکراوە، لەکاتێکدا کوردستان، لەلایەن پێنج دەوڵەتەوە داگیرکراوە. بزووتنەوەی رزگاریخوازیی فەلەستین، بەنێزیکە، هەموو جیهان (رژێمی ئیسرائیل و ئەمریکای لێدەرکەیت) پشتگیریی لێدەکات و، رژێمی ئیسرائیل، وەک دەستدرێژکەر تاوانباردەکات. کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش، شێلگیرانە، بەدوای چارەسەرێکدا دەگەڕێ بۆی و، لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لەدەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامییەکانەوە، بە پارە و چەک و دالدەدانی ئەندامەکانی، یارمەتیدەدرێ.فەلەستین، لەسنوورێکی نێونەتەوەییدا، بە نیشتمانێکی داگیرکراو دەدرێتە قەڵەم و، مافی دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین (تەنانەت لەم دواییەدا، لەلایەن ئیسرائیل خۆی و ئەمریکای هەڤاڵبەندییەوە) بەئاشکرا باسدەکرێ. بەڵام، بەپێچەوانەی ئەمەوە، کێشەی کوردستان بەرەورووی بێدەنگییەکی گشتگیربووەتەوە و، تەنانەت، تاکەیەک دەوڵەتیش لەم جیهانە پان و بەرینەدا دەستناکەوێ، کە هێندە زات و ویژدانی هەبێ، ئەگەر بۆ تاکە جارێکیش بووە، خۆی بکاتە خاوەنی کێشەکە و بیباتە بەردەم کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان. کوردستان، لەوشەنامە و نەخشەی دیوانی (رەسمی)ی دەوڵەتانی جیهاندا، هیچ نێونیشان و شوێنێکی پێڕەوا نابینرێ و، بەپێچەوانەی فەلەستینەوە، بە وڵاتێکی داگیرکراو دانانرێ، بەڵکو هەرپارچەی بەبەشێک لەدەوڵەتێک، کە هیچیان دەوڵەتێکی کوردی نین و، ئەم دەوڵەتانە؛ کوردستان بە بەشێکی لەدابڕیننەهاتووی وڵاتی خۆیان دەزانن و، بۆ تواندنەوە و تەفروتوونەکردنی کورد؛ هەوڵیانداوە و دەدەن. جا لەبەرئەوەی داگیرکەرانی کوردستان، لەسەر ئاینی ئیسلام دەژمێردرێن، سووت لەم ئاینە وەردەگرن بۆ لەنێوبردنی کورد، کە لەنیوە پتریان موسڵمانن. ئەمە لەکاتێکدا کە ئیسرائیل ناتوانی فەلەستینییە موسلمان و دیانەکان بتوێنێتەوە لەنێو زمان و فەرهەنگی خۆیدا، چۆنکە ئەوی وەک جوو لەدایکنەبووبێ؛ ناتوانی و بۆی نییە ببێتە جوو، بەڵام هەر جوویەک بییەوێ، دەتوانێ ببێتە موسڵمان و کە بووش بە موسڵمان دەتوێتەوە.

لەکاتێکدا رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان و، لەپێش هەموویانەوە رژێمی ترک، ئامادەنین لەرێی وتووێژەوە، چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد بدۆزنەوە و، بزووتنەوەی کوردایەتی و رزگاریخوازی کورد، بە بزووتنەوەیەکی **"تێرۆریستی" و "فیتی بێگانە"** دەدەنە قەڵەم و، بەهێزی لەشکر و چەکی قرکەری کیمیایی و فۆسفۆری سەرکوتی دەکەن، رژێمی ئیسرائیل، ئەگەرچی بەرامبەر هەموو دەستوەشاندنێکی فەلەستینییەکان؛ کە بە"تێرۆر" نێویدەبات، بەوپەڕی توندوتیژییەوە وەرام دەداتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، ئیسرائیل با، لەناچاریشەوە بێ، دان بە بوونی وڵاتی فەلەستین و کێشەی فەلەستین دادەنێ و، زمانی عەرەبی، وەک زمانی عیبری، بەفەرمی (رەسمی) دەناسێنێ و، هەموو کاتێک ئامادەبووە و ئامادەیە، لەگەڵ فەلەستینییەکان و عەرەبەکان دابنیشێ

و، بکەویتە گفتوگۆ لەگەڵیان بەنیازی گەیشتن بەرێکەوتنێک بۆ کێشەکە. بەڵام ئەم ئامادەییەی ئیسرائیل، نێزیکەی پەنجاساڵە دەست بەڕوویەوە نراوە و، کە **سەرکۆماری میسر، ئەنوەر سادات** (١٩١٨-١٩٨١) لەساڵی ١٩٧٩دا، ورەی دایەبەر خۆی و، دانی بەمافی ئیسرائیلدانا و، پەیمانێکی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل بەست، کە بەپێی ئەوە، ئیسرائیل نیوچەی سینای دایەوە بە میسر، کە لەشەڕی شەش ڕۆژەی ١٩٦٧دا داگیریکردبوو، ئەوەبوو سادات لەلایەن **خالید ئیسلامبولییەوە**، بە کوشتن سزای درا. لێرەدا دەبێ ئەوەش بێژم، ئەمەی بەسەر ئەنوەر سادات هات، کە نانخۆرێکی شای لێخراوی ئێران بوو و، یەکێک بوو لەهەندازیارانی **پەیماننامەی جەزایری نێوان شا و سەددام** (١٩٧٥)، بەسەر **ئیسحاق رابینی کۆنە ئەفسەری سوپای ئیسرائیلیش هات، کە زاتی ئەوەی کرد؛ وەک سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل**، لە١٣/٩/١٩٩٣دا، بە نێوبژێکاریی سەرکۆماری ئەوەدەمەی ئەمریکا بیل کلینتن، پەیمانێکی ئاشتی لەگەڵ یاسر عەرەفات (١٩٢٩-٢٠٠٤) سەرۆکی فەلەستینییەکان ببەستێ و، نیوچەی غەززە و ئەریحۆشی، بداتەوە بەفەلەستینییەکان وەک هەرێمێکی ئۆتۆنۆمیدار. بۆ سزای ئەمە، رابین لە١٩٩٥ دا، بەدەستی تێرۆریستێکی جوولەکە شەهیدکرا. بەپێویستیدەزانم ئەوە بێژم کە رابین، بەپێچەوانەی نەتەنیاهوو و شارۆن و گەلێک لەسەرکردەکانی دیکەی ئیسرائیلەوە، شۆڤێنیست و شەڕخوازنەبوو، حەزی بە ئاشتی و ئارامی دەکرد. لەنامەیەکی شیریندا کە لەرێی **هاوبیری بەرێز هەندازیار بروسکە ئیبراهیمەوە**، **بۆ "ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست و هونەر"**ی ناردبوو، لەوەرامی گلەیی و بێزاریی ئەکادیمیادا لەهاوکاریی ئیسرائیل لەگەڵ رژێمی ترک دژی کورد، باس لەوە دەکات کە هەموو گەلەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین، مافی ئەوەیان هەیە بە ئازادی بژین. ئەم نامەیە لەئارشیڤی ئەکادیمیادا پارێزدراوە.

> **"رژێمی ترک توانی لە١٩٩٩دا؛ ئاپۆ ئۆجەلان، سەرکردەی پ.ک.ک، بەشێوەیەکی تیرۆریستانە لەکینیا بفرێنێ و بیبا بۆ ئەنقەرە. بۆ ئەم کارە قێزەونە؛ دەبوو ئیسرائیل دەجار بیربکاتەوە، بەرلەوەی دەست بۆ تاوانێکی وا گەورە ببات و، برینێکی وا کوور بکاتە هەناوی کوردەوە. مەبەستم لەمەدا، لەسەرکردنەوە و بەرگری بۆ ئاپۆ و حیزبەکەی نییە، بەڵام ئەمە خەنجەرێک بوو لەپشتەوە درا لەکورد. کە کوردەکانی بەرلین، لەبەردەم سەفارەتی ئیسرائیلدا لەبەرلین، بێزاری خۆیان بەرامبەر بەم تاوانە دەربڕی، کاربەدەستانی سەفارەتەکە، چوار کوردیان لەپشتەوە بە گوللە کوشت، کە یەکێکیان کچێکی گەنج بوو و، هیچ یەکێکیشیان چەکی پێنەبوو. بە ئاگاداریی حکوومەتی ئەڵمانیا، ئەو چوار تاوانبارە دەربازبوون بۆ ئیسرائیل، بەبیانووی ئەوەوە، کە ئەمانە گوایە دیپلۆماتن. وادیارە دیپلۆمات مافی خوێنڕشتنی کوردیان هەیە!"**

**وەک گوتم**، رژێمە عەرەبییەکان، تا ناچارنەکران، ڕوویان لەوە نەکرد بەپیر بانگی ئیسرائیلەوە بچن بۆ وتووێژ و رێکەوتن. بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەوە، هەرکاتێک رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان، ڕوویەکی خۆشیان لەکورد نابێ، ئەوا حیزبە کورد زمانەکان، دەستبەجێ بەتەقلەلێدان چوونەتە خزمەتیان و ئەم داگیرکەرانەیان بە "براگەورە"ی خۆیان نێوبردووە، لەگەڵ ئەوەشدا؛ لەم **"برایەتی خاوەن چێشتخانە و چێشتکەران"**ە، هیچ خۆراکێک تائێستا بۆ کورد نەچووەتە سەر ئەم **"سفرەی برایەتی"**یە.

لێرەدا پێویستە بگوترێ، سەرکردە دەرەبەگە ملهوڕەکانی رژێمە عەرەبەکان؛ چۆن پەنجاساڵ مەترسیی ئیسرائیل و کێشەی فەلەستینیان کردە بیانوویەک بۆ درێژەدان بە فرمانڕەواییی دیکتاتۆرانەی خۆیان و هەزاران کەسیان کوشت و هەزارانیشیان بەکوشتدا، بە نێوی رزگاریکردنی **"خاکی پیرۆز" (قودس)**ەوە، لەدەست "زایۆنیزمی گەمار و بیژی" و، وەک پاڵەوانکەچەڵ کەوتنە بانگەشەی لەنێوبردنی ئیسرائیل و فرێدانی جوولەکە "پیسەکان" بۆ نێو زەریا و، هیچیشیان تائێستە بۆ فەلەستینییە خێوەتنشینە داماوەکان نەکردووە، هەر ئاواش سەرانی حیزبە کورد زمانەکان، کە بوونەتە مێردەزمە بەسەرسنگی رەشوڕووتی کوردەوە، ئەمە پەنجاساڵ پترە، نان لەفشەکوردایەتی دەخۆن و، هەزاران هەزار کوردیان بە کوشتداوە و هیچیشیان بۆ کورد نەکردووە. ئەم قەوارەیەی کە لەباشووری کوردستاندا دروستبووە و، لەسەر تاڵەموویەک بەندە، لەئەنجامی هەلومەرجێکی نێوچەیی و نێونەتەوەیی تاکەلکەوتووەوە، هاتەبوون، نەک لەئەنجامی ئەو قوربانییە بێوێنەییەی جەماوەری کوردستان داویەتی و، ئەوەی ئەم سەرانە پێیدەڵێن **"خەبات"**. ئەمەش، هەرقسەی ئەوڕۆم نییە، لەساڵی١٩٢٣. دا ئەمەم گوتووە و لەوسایەوە چەندجارێک چەختم کردووەتەوە (سەرنجی: کوردنامە "ژ. ٢٣، گوڵانی ١٩٩٣ بدە، ئەم وتووێژە بە عەربی

کراوه لەگەڵم). بێجگە لەمانەش، لەنێوان فەلەستین و کوردستاندا جیاوازییەکی دیکەش زەق دەبێتەوە: **مێژوو دەگێڕێتەوە بۆمان کە کورد لەدەورانی یەکجارکۆندا، ئیمپراتۆرێتیی ماد (میدیا) یان دامەزراندووە، کە خاکێکی یەکجار پانوبەرینی لەرۆژهەڵاتی دوور و ناڤین و نێزیکدا گرتووەتەوە و، هەرئەم ئیمپڕاتۆرێتییە، بووەتە هۆی دروستبوونی دەوڵەتی هەخامەنشی و پارتی و، پاش ئەوەش ساسانی و، دوای ئەمەش، لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئیسلامیشدا و، تا نێوەڕاستی سەتەی ١٩، گەلێک میرنشینی بەهێز و سەربەخۆی کوردستانی هەبووە و، لەنیوەی یەکەمی سەتەی رابوردوودا، شانشینییەک (١٩١٩-١٩٢٤) و کۆمارێکی کوردستانی (١٩٤٦)، بۆ ماوەیەکی کورت دامەزراون.** ئەمە لەکاتێکدا، کە لەمێژوودا و تائێستە، هیچ دەوڵەتێکی عەرەب بەنێوی دەوڵەتی فەلەستینەوە لەفەلەستیندا نەبووە. جووەکان، پێش عەرەب، لەفەلەستیندا ژیاون و دەوڵەتیان هەبووە. بابلییەکان لە٥٨٦ ی پێش زاینیدا پەیکەری سلێمانیان رووخاندووە و جوولەکەکانیان دیل کردووە و رەوانەی سەرزەویی **مێزۆپۆتامیا**یان کردوون و لەنێو کوردستاندا ماونەتەوە کە وڵاتی "میدیا" بووە. پاش حەفتاساڵ گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان. ئەوجا دەوڵەتەکەیان لەساڵی ٧٩ی زاینیدا، لەلایەن رۆمەکانەوە، رووخێنراوە و، زۆربەی جووەکان بوونەتە کۆچەر، بەڵام هێندێکیان هەر لەشوێنی خۆیان ماونەتەوە. **کاتێک جووەکان لەلایەن بابلییەکانەوە رەوانەی میزۆپۆتامیا کراون، حەوت هۆزیان لەوڵاتی میدیا (کوردستانی کۆن)دا نیشتەجێبوون و، ئەوانە بنەچەو رەچەڵکی کوردە مووسایییەکانی ئەوڕۆن.** لەگەڵ ئەم جیاوازییانەشدا؛ لەنێوان فەلەستینی و کورد و فەلەستین و کوردستاندا، لەیەکچوونێکی بنەڕەتیی هەیە. کوردستان و فەلەستین هەردووکیان، دوونیشتمانی داگیرکراون وهەردووکیشیان مافی سەربەخۆبوونیان هەیە.هەڵوێستی دوژمنانەی حیزبە فەلەستینییەکان و سەرکردەکانیان بەرامبەر بە کورد و، پشتگیرییان بۆ سەددام وبنەماڵەی ئەسەد و رژێمی ئێران و، بوختان و درۆودەلەسە هەڵبەستنیان بۆ کورد، نابێ وابکەن لیمان، دان نەنێین بە مافیاندا بۆ سەربەخۆیی. چۆنکە ئەمە پێوەندیی بە ئازادی و یەکسانیی مرۆڤەوە هەیە. بەڵام ئەم دانپێدانانەش، بەو مانایەنییە و نابێ؛ کە مافی ئەوەیان هەبێ ئیسرائیل بەجارێک لەنێو ببەن. ئیسرائیلیش مافی مان و ژیانی هەیە وەک ئەوان و، کەس بۆی نییە لەڕێی بەکارهێنانی زۆرەوە لەنێوی ببات. ئەم هەڵوێستەش، هەر هەڵوێستی ئەوڕۆم نییە و، هەڵوێستی پەنجاساڵی لەمەوبەرمە، کە ئەوکاتە ئەوی بەسووسەیەک قسەی وایبکردایە، دەبوو سزای مەرگ لەبەرچاوی خۆی دابنێ. بەدرێژایی ساڵانیش هەوڵمداوە لەگەڵ ئەو فەلەستینی و ئیسرائیلیانەی ناسیومن، وابکەم لێیان کە گوێ لەدەموکاوێژی شۆفێنیستە عەرەب و ئیسرائیلییەکان نەگرن و دان بەمافی یەکتردابنێن و، دەمێکە پێشبینی ئەوەمکردووە کە رۆژێک دێ، ناچاربن، مل بۆ دەنگی ئاشتی شلبکەن، جا تازووتربێ چێترە. **(سەرنجی سەمینارەکەم بدرێ لە ستۆکهۆڵم (سوێد) لە ١٩٨٥/٥/١١ دا لەژێر نێوی "دۆزی ناسیۆنالی کوردستان... هتد، چاپی سوێد ١٩٨٧، چاپی لەندەن ٢٠٠٢، چاپی هەولێر ٢٠٠٧ ئەم سەمینارە بە زمانی ئەڵمانیش هەیە. سەرنجی ماڵپەڕی کوردبوون www.kurdbun.de بدرێ).**

ئەوەی راستی بێ، هۆی هەردووکێشەکە، لەبنەڕەتدا، فەلەستینی و ئیسرائیلی نەبوون، بەڵکو دەوڵەتە ئۆورووپاییەکان بوون، کە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، دەستی کورد و، پاش جەنگی دووەمی جیهانی، دەستی جووش و دەستی فەلەستینییەکانیشیان بڕی. هەڤاڵبەندانی ئەورووپایی سەرکەوتوو لەجەنگی یەکەمدا، **(بەتایبەتی بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا)**، چۆن و بەچ جۆرێک، **پەیماننامەی سێڤری ساڵی ١٩٢٠** یان **(کە بەڵێنی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆی خستەپێش چاوی کورد)** بێشەرمانە پووچکردەوە و، گۆڕییان بە **پەیمانی لۆزان (١٩٢٣)** و کوردستانیان لەتوپەتکرد و، هەر لەتەیان نووساند بە دەوڵەتیکی دەستکردی ناسیونالیستی رژێم دەرەبەگی دیکتاتۆری ترک و عەرەب و فارسەوە، هەر ئاوهاش و بەوجۆرە، کە کۆڕی کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ١٩٤٧دا بڕیاری دامەزراندنی دوودەوڵەتیان لەسەر خاکی فەلەستین دا، یەکێکیان بۆ عەرەب و ئەوی دیش بۆ جوو، کە ئەودەمە فەلەستین، کۆلۆنییەکی بەریتانیا بوو؛ ئەم بڕیارە، هەر مەرەکەبی سەرکاخەز بوو، چۆنکە بەریتانیاییەکان، ئەگەرچی وەزیرەکەی دەرەوەیان **Arthur James Balfour** (کە جارێکیش سەرۆکوەزیران بوو) لە١٩١٧دا بەڵێنی دەوڵەتێکی بە جوو دابوو کە لەفەلەستیندا دابمەزرێ، بەڵام بەریتانیا و کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان، نەچوون هاوکاریی و سەرپەرشتیی و چاودێریی دامەزراندنی ئەو دوو دەوڵەتە بکەن، بەڵکو بەریتانیاییەکان، خۆیان لەفەلەستین کێشایەوە و، عەرەب و **جوویان لەیەکبەردا.** (**ئەوەش وەک ساڵی ١٩٧٣ کە خۆیان لەنێوچەی کەنداو کێشایەوە و، سێ دورگە - جەزیرە ی**

**عەرەبیان رادەستی شای ئێران کرد و، عەرەبیش لەبێدەسەڵاتیدا تا ئەورۆ هەر ناڵەناڵیانە)**. خۆ **ئەگەر سەرکردەی جووەکان، داوود بن گوریۆن (١٨٨٦- ١٩٧٣)** کە بەبنەچە پۆڵۆنی و سەرۆکی حیزبی ماپای بوو، لە١٩٤٨/٥/١٤دا ئازایانە بانگەوازی سەربەخۆیی ئیسرائیلی نەدایە و، پێشمەرگەکانیان کە بە **"هەگانا"** ناسرابوون، ئەرکی پاراستنی ئەو سەربەخۆییەیان لەئەستۆ نەگرتایە، ئەوا ئەو بڕیارەی کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان، بەدەردی پەیماننامەی سێڤر دەچوو، کە کورد، بەداخەوە، پاش واژۆکردنی پەیماننامەکە لەلایەن هاوپەیمانان و سوڵتانی عوسمانییەوە، پاڵیان لێدایەوە و، نەچوون یەکسەر بانگی سەربەخۆیی لەکوردستاندا بدەن، بەڵکو چاوەڕوانی فەرمانی ئەوروپاییەکان بوون. **جووەکان، لەمەدا، زۆر هۆشیارانە هاتنەدەست و دەرفەتیان قۆستەوە و چاوەڕوانی "پیرۆزبایی"ی ئۆروپایان نەکرد و، هیچ ئینگلیزێکیشیان بەرامبەر بەڵێنی "بەلفوور"، گوڵباران نەکرد و، بەلفووریان نەکرد بە "خواجا" یان "حاجی" بەلفوور.**

> **"سەرکردە لەشکرییەکانی عێراق (کە ئەوسا عەبدولڕەحمان عارف سەرکۆماری عێراق بوو) چووبوونە لای مەلا مستەفای بەرزانی و، داوای ئەوەیانکردبوو لێی، چەند هەزار پێشمەرگەیەک بنێرێ بۆ شەڕی ئیسرائیل. ئەویش پێیگوتوون: "ئەوە ناکەم و ئێوەش مەچن بەگژ ئیسرائیلدا، چۆنکە دەرەقەتی نایەن و، ئەودەمە ئاوڕووی خۆتان و عەرەب و هەموو موسڵمانان دەبەن". پێیانگوتبوو: "دەباشە وەک نیشانەیەکی بەشداریی، نوێنەرێکی خۆت بنێرە"، گوتبووی "باوەڕم بە نیشان و میشان نییە و ئێوەش شەڕ مەکەن". کە گەڕابوونەوە بەغدا، کردیان بەهەرا، "مەلامستەفا نۆکەری ئیسرائیل و جەردە و ڕێگرە". کە شەڕ کۆتاییهات بە تێکشکانی عەرەب، جارەکی دی چووبونەوە لای مەلامستەفا، ئەمجارە بۆ راوێژکاری، ئەویش گوتبووی: "سەیرە، مرۆڤی ئازاو بوێری وەک ئێوە، هاتووە لەجەردە و ڕێگر و نۆکەری ئیسرائیل راوێژ وەربگرێ"**

جا لەبەرئەوەی سەرکردە دەرەبەگەکانی دەوڵەتە عەرەبەکان، کە خۆیان بەزل و خاوەن ماف و خەڵکی دیش بە پچووک و بێڕێز وبێماف تەماشا دەکەن، ئەوا بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکانیان پەسند نەکرد و، پێنج دەوڵەتی عەرەب، کە یەکێکیان عێراق بوو، بانگی جەنگیان دا دژی ئیسرائیل و، بەوە نەیانهێشت فەلەستینییەکان سووت لەو بڕیارە وەربگرن و دەوڵەتێک بۆ خۆیان بخەنەسەرپێ، کە بێگومان ئەودەمە، ئەگەر ئەوە بکرایە، ئەوا ئیسرائیل لەسنوورێکی یەکجار تەسکدا دادەمەزرا، بەڵکو، کەوتنە هاندانی جەماوەرە خێڵەکییە ناهۆشیارەکانیان و، بەنێوی **"پاراستنی ئاوڕووی نەتەوەی عەرەب و ئیسلام"**ەوە، بانگی تەفروتوونەکردنی جوولەکە، بەقسەی وان، **"بۆگەنە بیژییەکان"** یان دا و، ئەوەبوو ئەم فسفسپاڵەوانانە، شەڕەکەیان نەبردەوە، چۆنکە جووەکان، خۆیان لەوەپێش باش تەیارکردبوو، لەبەرئەوە، عەرەبەکان ناچاربوون لە ١٩٤٩دا شەڕ بوەستێنن و کێشەکە بەبێ چارەسەریی، بۆ رەشوڕووتی فەلەستینی بهێڵنەوە، ریشی خۆیان سەلامەت، بەڵام وەک دەمڕاستی هەڵنەبژێردراوی فەلەستینییەکان، لەفەرمانڕەواییدا مانەوە، خۆ قسەی بێگوومرکیش ئەوە هەرمەپرسە. بە هەزاران فەلەستینیش بوونە خێوەتنشین و ژیانی کولەمەرگییان بردەسەر هەتا ئەورۆ کە ئەوە بووبە شەستساڵی رەبەق. ئیسرائیلیش پاش ئەم سەرکەوتنە، کەوتە پڕۆپاڵانتەی شۆڤێنیزم و فراوانخوازی و خۆبەزلگرتن و نەخشەیەکی دەستکردی بۆ ئیسرائیل دروستکرد کە سنوورەکەی لە **"فراتەوە تا نیل"**ی دەگرتەوە (واتە بەشێکی کوردستانیش) و، ئەم نەخشەیەش ساڵانی ساڵ لە پەرلەمانی ئیسرائیلدا هەڵواسرابوو.

ئەم بارودۆخە نالەبارە، نەشەڕ نەئاشتی، بە بەرژەوەندی ئیسرائیل شکایەوە. ئیسرائیل توانی، لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، خۆشی بەهێزبکات و سەرزەوییەکەشی فراوانتربکات. هەرچەندە لەشەڕی دەستدرێژکەرانەی ١٩٥٦دا، کە، ئیسرائیل بەهاوکاریی بەریتانیا و فەڕەنسا، پەلاماری کەناڵی سوێسیاندا، کە لەلایەن عەبدولناسرەوە (١٩١٨-١٩٧٠) کرابوو، بە موڵکی میسر، هەرسێکیان، بەهۆی هەڕەشەی سۆڤێت و، نەرمونیانی نواندنی ئەمریکاوە و، لەژێر گوشاری هەلومەرجی هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئەمریکادا، ناچاربوون بە دەستی ڤالا بکێشنەوە و، ئیسرائیلیش لەڕووڕەشبوون پتر، هیچی دەستنەکەوت، بەڵام لەشەڕی شەش رۆژەی ساڵی ١٩٦٧دا، کە ئەمجارە عەرەبەکان، بە هاندانی سووریا، بۆ تۆڵەسەندنەوە لەئیسرائیل، پەلاماری ئیسرائیلیاندا، ئیسرائیلیش توانی نیوچەی سینا و ریتاڵەزەویی غەززە و بەرزاییەکانی گۆلان داگیربکات، بەڵام ئەمە بوو بە ئێسقانی ماسی لەگەرووی ئیسرائیلدا. دەوڵەتە عەرەبەکانیش ناچاربوون، سەر بۆ کاری کراو شۆڕبکەن و هەریەکەیان ئەوی دیکەی گوناهبار دەکرد. تەنێ **جەمال عەبدولناسر** لەنێویاندا مەرد

دەرچوو. بە ئاشكرا و لەكۆبوونەوەیەكی یەكجار گەورەدا گوتی: **شەڕمان دۆڕاند و بەرپرسیارێتی دەگرمە ئەستۆ و، ئەوا دەست لەكار دەكێشمەوە.** ئەو سەردەمەم باش لەبیرە، لەزانستگەی ڤیرتسبورگ (ئەلمانیای رۆژاڤا) دەمخوێند. هەموو رۆژێك بەهۆی رۆژنامە و رادیۆوە، دوای دەنگوباسەكان دەكەوتم. خۆم لەرادیۆدا گوێم لێبوو كە جەمال عەبدولناسر ئەم قسەیەی كرد، بەڵام بە هەزاران دەنگ هاواریان دەكرد: "نا، نا... لەسەركاری خۆت بمێنەرەوە". كەچی رادیۆی ئەردەنی شا حسەین، كە ئیسرائیلی بە "دوژمنی خوا و پەیامبەر" دەدایە قەڵەم، هەر دووقسەی دەكرد و دەیگوت: "الویل لاعداء الله" (قوربەسەر دوژمنانی خوا). جا كە هەر زوو دەركەوت قوڕەكە بەسەری كێوەوەبوو. دیارە كە "دوژمنانی خوا!" كێبوون! **هێژای گۆتنە، بەر لەوەی میسر و سووریا و ئەردەن و عێراق، بانگی جەنگ دژی ئیسرائیل بدەن، سەركردە لەشكرییەكانی عێراق ( كە ئەوسا عەبدولرەحمان عارف سەركۆماری عێراق بوو) چووبوونە لای مەلا مستەفای بەرزانی و، داوای ئەوەیانكردبوو لێی، چەند هەزار پێشمەرگەیەك بنێرێ بۆ شەڕی ئیسرائیل. ئەویش پێیگوتوون: "ئەوە ناكەم و ئێوەش مەچن بەگژ ئیسرائیلدا، چۆنكە دەرەقەتی نایەن و، ئەودەمە ئاورووی خۆتان و عەرەب و هەموو موسڵمانان دەبەن". پێیانگوتبوو: "دەباشە وەك نیشانەیەكی بەشداریی، نوێنەرێكی خۆت بنێرە"، گوتبووی "باوەڕم بە نیشان و میشان نییە و ئێوەش شەڕ مەكەن". كە گەڕابوونەوە بەغدا، كردیان بەهەرا، "مەلامستەفا نۆكەری ئیسرائیل و جەردە و رێگرە". كە شەڕ كۆتاییهات بە تێكشكانی عەرەب، جارەكی دی چووبونەوە لای مەلامستەفا، ئەمجارە بۆ راوێژكاری، ئەویش گوتبووی: "سەیرە، مرۆڤی ئازاو بوێری وەك ئێوە، هاتووە لەجەردە و رێگر و نۆكەری ئیسرائیل راوێژ وەربگرێ". ئەم هەواڵە رۆژنامەكانی ئەوروپا بڵاویانكردەوە. (سەرنجی: جەمال نەبەز: "كوردستان و شۆڕشەكەی" چاپی ئەڵمانی ١٩٧٢، چاپی كوردی ١٩٨٤ی سوید و، ٢٠٠٧ هەولێر).**

پاش شەڕی **"شەش رۆژە"** و، ناهومێدیی فەلەستینییەكان لە **"برا عەرەبەكانیان"**، بیریان لەدامەزراندنی لەشكرێكی سەربەخۆیان كردەوە لە ١٩٦٩دا بە سەرۆكایەتی **یاسر عەرەفات** (١٩٢٩-٢٠٠٤) كە سەركردەی **"رێكخراوی فەتح"** بوو، حیزبەكانیان چوونە ژێر چەتری "**رێكخراوی رزگاركردنی فەلەستین**"ەوە (PLO). ئیدی لەوساوە، شەڕە بەردی منداڵانی فەلەستینی دژی سەربازی ئیسرائیلی و، دەستوەشاندن لەئیسرائیلییەكان لەلایەن فەلەستینییەكانەوە، بە تایبەتی لەڕێی سنووری خوارووی لوبنانەوە دەستپێكرد. فەلەستینییەكانی ژێردەستەی ئیسرائیل كەوتنە راپەڕین (انتفاضة) و لەوەوە شۆڕشی فەلەستینییەكان دژبە ئیسرائیلی داگیركەر بڵێسەی سەند.

فەلەستینییەكان، كە بەدزییەوە لەڕێی لوبنانەوە (كە بەهۆی شەڕی نێوخۆییەوە كە لە١٩٧٥دا دەستپێكرد، لەنێوان میلیشیا دینەكان و میلیشیاكانی "ئەمەل" و "حیزبوڵلا" و فەلەستینییەكاندا، دەچوونە نێو ئیسرائیل و لەوێ دەستیاندەوەشاند، ئەمە لەلایەن ئیسرائیلەوە كرا بە بیانوویەك و لە١٩٨٢دا لەشكری ئیسرائیل كشایە نێو لوبنان و، سەرۆكی **PLO** یاسر عەرەفاتی ناچاركرد، رووبكاتە مەراكیش. لوبنان، لەناچاریدا، بڕیارنامەیەكی لەگەڵ ئیسرائیل واژۆكرد، بەڵام لەژێر هەڕەشەی سووریادا، لەساڵی ١٩٨٤دا لەبڕیارنامەكە پەژیوان بووەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئیسرائیل لەساڵی ١٩٨٥دا لەژێر گوشاری نێونەتەوەییدا، لوبنانی بەجێهێشت، بەڵام رێتاڵێكی لەخوارووی لوبنانەوە دایە دەست "لەشكری باشووری لوبنان" كە سەر بە ئیسرائیل بوو. كە ئیسرائیل ساڵی ٢٠٠٠ پشتی "لەشكری باشووری لوبنان"ی بەردا و، لەشكریش "ئاشبەتاڵ"ی كرد، لوبنان كەوتە دەست **حیزبوڵلا و حیزبی ئەمەل (امل)** ی شیعە. لەساڵی ٢٠٠٤ یشدا، ئارێل شارۆن، سەرۆكوەزیرانی ئیسرائیل، كە كابرایەكی تەنگەتیلكە و دژ بە گەلی فەلەستین بوو، ناچار بوو لەشكرەكەی لەغەززە بكێشێتەوە و، "دیوارێك" لەنێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەكاندا دروستبكات. پاشان غەززە، لەهەڵبژاردنێكی ئازاددا كەوتە دەست **"حەماس"**. پشتگیریی **"ئێرانی ئیسلامی"** بۆ فەلەستینییەكان و موسڵمانە تەنگەتیلكەكانی دژ بە ئیسرائیل، بە چەك و بە پارە و راهێنان، حیزبوڵڵای لوبنانی هاندا، كە لەخاكی لوبنانەوە راكێت بگرێتە ئیسرائیل. ئەمە بوو بەبیانووی ئەوەی ئیسرائیل لەساڵی ٢٠٠٦دا، شەڕێكی قورس دژ بە حیزبوڵڵای لوبنان بگێڕێ، كە هەرچەند بە كاولكردنی بەشێكی لوبنان و، رشتنی خوێنی گەلێك كەسی بێگوناه، تەواوبوو، لەنێویاندا ٤٠ كرێكاری كوردیش، بەڵام ئەو كارە هیچ سوودێكی نەخستە دەست ئیسرائیل و وێنەی ئیسرائیلی لەجیهاندا بەتەواوی شێواند.

بەڕاستی، رێكەوتێكی زۆر سەیرە، لەكاتێكدا كە "ئێرانی ئیسلامی" لەڕێی سەركۆمارەكەیەوە، ئەحمەدینەژاد دەیەوێ دەوڵەتی ئیسرائیل هەر بەجارێك لەنێوببا، كەچی رژێمی

ئیسلامیی ترک، خۆی کردووە بە "**کۆتری ئاشتی**" و بەنیوی نێوبژیکردنەوە لەنێوان ئیسرائیل و فەلەستین و، ئیسرائیل و سوریادا، نێوبانگێکی بۆ خۆی وەک "**وەستای دیپلۆماسیێتی**" دابینکردووە، دیارە رژێمی ترک، ئەمە بۆ ئامانجی مرۆڤدۆستانە ناکات، بەڵکو پێویستی بە یارمەتی ئیسرائیل هەیە لەدژی کورد و، لەم رێیەشەوە توانیوێتی کەڵکێکی زۆر لەئیسرائیل وەربگرێ، چ لەبواری سوپایی و چ لەبواری تەکنیکی و چ لەبواری هەواڵگوزارییەوە. **هەر لەرێی ئیسرائیلەوە بوو، رژێمی ترک توانی لە١٩٩٩دا؛ ئاپۆ ئۆجەلان، سەرکردەی پی.کی.کێ، بەشێوەیەکی تیرۆریستانە لەکینیا بفرێنێ و بیبا بۆ ئەنقەرە. بۆ ئەم کارە قێزەونە؛ دەبوو ئیسرائیل دەجار بیربکاتەوە، بەرلەوەی دەست بۆ تاوانێکی وا گەورە ببات و، برینێکی وا کوور بکاتە هەناوی کوردەوە. مەبەستم لەمەدا، لەسەرکردنەوە و بەرگری بۆ ئاپۆ و حیزبەکەی نییە، بەلام ئەمە خەنجەرێک بوو لەپشتەوە درا لەکورد. کە کوردەکانی بەرلین، لەبەردەم سەفارەتی ئیسرائیلدا لەبەرلین، بێزاری خۆیان بەرامبەر بەم تاوانە دەربڕی، کاربەدەستانی سەفارەتەکە، چوار کوردیان لەپشتەوە بە گوللە کوشت، کە یەکێکیان کچێکی گەنج بوو و، هیچ یەکێکیشیان چەکی پێنەبوو. بە ئاگاداریی حکوومەتی ئەڵمانیا، ئەو چوار تاوانبارە دەربازبوون بۆ ئیسرائیل، بەبیانووی ئەوەوە، کە ئەمانە گوایە دیپلۆماتن. وادیارە دیپلۆمات مافی خوێنڕشتنی کوردیان هەیە.** (**جارێکیشیان دیپلۆماتێکی ترک لەنێو خانووی سەفارەتخانەی رژێمی ترکەوە لە سویسرە، گوللەی ئاراستەی خۆپێشاندەرێکی کورد کرد، کە لەسەر شەقامی دەرەوەی سەفارەت بوو. دەوڵەتی سویسرە لە تووڕەیی بەولاوە گونی کەسی نەگرت**).

**نەتەنیاهوو، سەرۆکوەزیرانی ئەودەمەی رژێمی ئیسرائیل**، پەسنی ئەو تاوانکارانەی کاربەدەستانی جووی داو گوتی: "**فەرمانی سەرشانی خۆیان بەباشی بەجێهێناوە**". بێجگە لەوەش نەتەنیاهوو، بە پەیامنێری رۆژنامەی "**الحياة**"ی گوت، کە **جەنابی "دژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردییە**". ئەمەش لەکاتێکدایە کە دەوڵەتەکەی خۆی لەبەردەم مەترسی نەماندایە لەنێو سەتان ملوێن عەرەب و ملیارێک موسلماندا.

رژێمی ئیسرائیل، ٢٣ گرێبەندی جۆر جۆری لەگەڵ رژێمی ترک بەستووە کە هەموویان دژ بە ئازادیی کورد و کوردستانن. ئەمەش لەکاتێکدایە، کە کورد، نەک هیچ خراپەیان بۆ ئیسرائیل و جوو نەبووە و نییە، بەڵکو زۆر یارمەتیشیان داون. بەهۆی کوردەوە، هەزاران خێزانی جووی عێراق و ئێران، لەرێی نێوچەکانی پێشمەرگەی کوردستانەوە، توانیویانە لەو دوو وڵاتە رابکەن و لەمەترسیی کوشتن بەدەستی رژێمەکانی عێراق و ئێران رزگاریان ببێ، بەڵام وا هوردە هوردە دەردەکەوێ کە رژێمی ترک دۆستی رژێمی ئیسرائیل نییە، بەڵکو هاورێی دەستکەوتی خۆیەتی. کاتێک کە **ئاریل شارۆن، سەرۆکوەزیرانی رژێمی ئیسرائیل،** لەمانگی تەباخ (ئاب) ی ٢٠٠١دا چوو بۆ سەردانی "هەڤاڵبەند"ە ترکەکەنی لەئەنقەرە و لەبەردەم بولەنت ئێجەڤیتی سەرۆکوەزیرانی ئەودەمەی رژێمی ترکدا کەوتە باسی "**تیرۆری کورد**"، وایدەزانی کە رژێمی ترک پاداشتی ئەوپشتگیرییەی بە پشتگیریی ئیسرائیل دژ بە "**تیرۆری فەلەستینی**" بۆ دەژمێرێتەوە. بەڵام کاربەدەستانی ترک، یەک وشە چییە، لەدەمیان نەهاتەدەرێ، دژ بە فەلەستینییەکان. ئەزژی لەم بارەیەوە، لەژمارەی رۆژی ٢٠٠١/٨/١٧ی رۆژنامەی "**الشرق الاوسط**" دا کە یەکێکە لەرۆژنامە هەرە پڕخوێنەرەوەکانی عەرەب، وتارێکم بڵاوکردەوە لەژێر نێوی "**من يخدع من؟**" **(کێ، کێ دەخڵەتێنێ؟)** کە هەفتەنامەی "میدیا" لەهەولێر لەژ. ١٠٤ی ٢٠٠١/٩/١ دا لەژێر نێوی "**کێ، ئەوی دیکە دەستخەڕۆ دەکات؟**" کردبووی بە کوردی. لەو وتارەدا ئەوەم خستبووەڕوو، کە ئیسرائیلییەکان، پێیانوابوو، دەتوانن بەدوژمنایەتیکردنی کورد، رژێمی ترک تەفرەبدەن و بیکەنە دوژمنی فەلەستینییەکان، بەڵام دەرکەوت کە رژێمی ترک ئەوانی تەفرەداوە. بەتێپەڕبوونی کات دەرکەوت ئەو پێشبینییەم راستدەرچووە. ئەوە بوو، کە ئەردۆخانی ئیسلامیست بووبە سەرۆکوەزیرانی رژێمی ترک هەروەک ئێجەڤیتی کەمالیست، بەڵام ئاشکراتر، کەوتە وێزەی ئیسرائیل. ئەردۆخان، بەرلەوەی ببێتە سەرۆکوەزیران، شارۆنی بە "تیرۆریست" دایە قەڵەم. شارۆن ئەوکەسەیە کە تاوانی کۆمەڵکوژیی لەفەلەستینییەکانی پەناگەی پەنابەرانی سابرا و شەتیلا دەکەوێتە ملی.

**ئەردۆخان**، لەکۆنفرانسی Davos لە ١/٣٠ دا بەرەوڕوو بە شیمۆن **پێرس، سەرۆکوەزیرانی رژێمی ئیسرائیلی** گوت "**ئەوەی ئیسرائیل لەغەززەدا دەیکات، تاوانە و کارێکی نامرۆڤانەیە**" و گوتی: "**ئیسرائیل باش دەزانێ چۆن زارۆ بکوژێ**". ئەوجا کە رێینەدرا درێژە بە قسەکانی بدا، بە تورەییەوە کۆنفرانسەکەی بەجێهێشت و گوتی: "جارێکی دی نایەمەوە داڤۆس". کە گەیشتەوە فڕۆکەخانەی ئەنقەرە، شەوێکی درەنگ و باراناوی بوو، بەڵام هەزاران ترک لەچاوەڕوانیدابوون و، وەک "پاڵەوان" بەخێرهاتنەوەیان کرد. ئەمەش کەسایەتییەکی بەهێزی بۆ ئەدرۆخان

لەنێو ترکەکان و عەرەب و موسلمانەکاندا دروستکرد و، زەنگێک بوو بۆ ئەمەریکا و ئەوروپا و ئێرانیش کە کێشەی فەلەستین بێ یارمەتی رژێمی ترک، بەرەوپێشەوە ناچێ.

هیچ سەیرنییە کە **شێمون پێرس**، بەرامبەر بەو تۆمەتبارکردنەی لەلایەن ئەردۆخانەوە، پێینەگوت: **"ئێ باشە، کە تۆ وا لەسەر فەلەستینییەکان دەکەیتەوە و کردەوە سەربازییەکانی ئێمە بە "تاوان" و "نامرۆڤانە" و "زارۆکوژی" دادەنێیت، ئەی بۆچی جەنگت هەڵگیرساندووە لەدژی کورد و هەزاران کورد دەکوژیت و رۆژانە قەندیل بۆمباباران دەکەیت؟"**. پێرس، مردووی بەشی زیندووخۆری، چەرمی دەموچاو چەندجار عەمەلیاتی جوانی کراو، ئەوەی نەگوت و ناشتوانێ ئەوە بڵێیت؛ چۆنکە رژێمەکەی خۆی هاوکاری رژێمی ترکە لەشەڕفرۆشتن بە کورد و پەلاماردانی قەندیلدا، چ بەسیخوڕی کردن بەسەر کوردەوە، بەهۆی فڕۆکەسیخوڕەکانییەوە کە بەسەر قەندیلدا دەفڕن و هەواڵ دەگەیەننە لەشکری ترک و، چ بە یارمەتی تەکنیکی سەربازی و دیپلۆماسی. شایانی باسە، هەر رژێمی ئیسرائیل بوو کە لەبەرخاتری رژێمی ترک نەیهێشت ئەمەریکا و ئەلمان دانبنێن بە گەلکوژیی ژۆن ترکەکان لەئەرمەنەکان لە١٩١٥دا. بێگومان، ئەوڕۆ رژێمی ترک دەتوانێ واهەست بکات کە ئێدی کاری بە رژێمی ئیسرائیل نەماوە و خۆی کردووە بە دۆستی عەرەب و موسلمانان. سەرکەوتنێکی دیکەی رژێمی ترک ئەوەیە، کارێکی وایکرد کە چارەی ئیسرائیل لای کورد بەجارێک رەشبکات و، کورد والێبکا ئیسرائیل بە دوژمنی خۆیان بزانن و باوەڕنەکەن پێی.

**بەڕاستی، ئەز باوەڕمنەدەکرد، کە سەرکردەکانی ئیسرائیل، لەباری رەوشتەوە، هێندە سپڵە و پێنەزان و ناسوپاس و، لەباری رامیاریشەوە هێندە ناشی و کورتبین بن لەهەڵسوکەوتیاندا بەرامبەر بە کورد. لێ مخابن، وانەبوو. لەوتارێکدا کە لەژ. ٣٢٩ ی رۆژی ٢٠٠٨/٣/٤ی هەفتەنامەی "میدیا" دا لەژێر نێوی "دوژمن بچووکیش بێ، دەتوانێ کاری گەورە بکات"، گوتم؛ هەتا ئێستە پێموابوو هەر ئێمەی کورد (لەرامیاریدا) نەزان و گەمژەین، بەڵام وادیارە کە لەئێمەش نەزانتر و گەمژەتر ئیسرائیلییەکانن". ئەم قسەیەش زۆر بەداخەوە راستدەرچوو. ئەوەتا هەڵوێستی ئیسرائیل بەرامبەر بە کورد، کارێکی وایکرد کە بەهەزاران کورد دەچنە سەر شەقامەکانی کوردستان و دژی دەستدرێژیی ئیسرائیل لە غەززە خۆپێشاندان دەبەن بەڕێوە و، تەلەفیزۆنی "ئەلجەزیرە"ش بە ئاووتاوەوە پێشانی ملوێنان عەرەبی دەدات کە دیارە، بێزاریدەربڕین بەرامبەر بەزۆرداریی، لەهەر لایەکەوە بێ، کارێکی رەوایە. بەڵام کورد، غەززە و قەندیل دەبەستن بەیەکەوە، چۆنکە رژێمی ئیسرائیل لەگەڵ رژێمی ترک لەپەلاماردانی قەندیلدا بە بەشدار دەبینن، بێئەوەی کورد هیچ زیانێکیان بە ئیسرائیل گەیاندبێ.**

رژێمی ئێران، کە بەئاشکرا بۆ نەهێشتنی ئیسرائیل تێدەکۆشێ، هەڵوێستی ئەردۆخانی زۆر "بەرز" راگرت. **ئایەتوڵڵا مەکاریمی شیرازی** کە ئاخوندێکی سەر بە رژێمی خامەنەییە گوتی: **ئەگەر کاربەدەستانی خەلاتی ئاشتیی نۆبێل، ویژدان و ئازایەتییان تێداهەبێ، دەبێ خەلاتی نۆبێلی ئاشتیی ئەمساڵ بدەن بە "ئەردۆخان"**. رۆژنامەی **"بەرلینەر مۆرگن پۆست"** ی ئەڵمانیش، لەڕۆژی ٢٠٠٩/١/٣١ (ل ٣) دا دەنووسێ: **"گەلی (ترک) بەزۆری، ئیسرائیل وەک دەوڵەتێکی تاوانبار دەبینێ"**.

ئەوەش دەزانین کە رژێمی ئیسلامیی ئێرانیش، رۆژانە لەپاڵ رژێمی ترک و ئیسرائیلدا، بەشدارە لەپەلاماردانی قەندیل و کوشتنی رۆشنبیرانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا.

ئەوجا پاش ئەوەی ساڵانێکە رژێمی ئیسرائیل یارمەتیی رژێمی ترک دەدا بۆ سەرکوتکردنی کورد، تازە بەخێرێ، رۆژنامەکانی ئیسرائیل وەک **"جێرۆزەلیم پۆست"** و **"هائارێتس"** لە ٢٠٠٩/٢/٦ دا، باسی ئەوە دەکەن کە **"رژێمی ترک هەزاران گوندی کوردی سووتاندووە و کوردی دەربەدەرکردووە و دەبێژن ترکیا مێژوویەکی رەشی هەیە"** و **"هانارێتس" دەفەرموێ "دووڕوویی ئەردۆخان نابێ پێوەندییەکانی نێوان ترکیا و ئیسرائیل تێکبدا"**. بەڵام ئەوە باسناکەن کە رژێمەکەی خۆیان، دەمێکە دەستی لەدەستی ئەو رژێمە خاوەن **"مێژوو رەشە"** دایە و، دڵنیاشبن کە کورد ئەو قسانە ناکڕێ لێیان، چۆنکە ئەوەتا سەرکردەیەتیی لەشکری ئیسرائیل داوای لێبوردنی لەڕژێمی ترک کرد، بەرامبەر بەوەی یەکێک لە سەرکردەکانی لەشکرەکەی باسی دەستدرێژیی رژێمی ترکی کردووە بەرامبەر بەکورد.

**تێبینی:**

**هیوادارم کە خوشک و براکوردەکانی ئیسرائیل ئەم وتارە هەروەک خۆی، بێدەستکاری وەربگێڕنە سەر زاری عیبری و، بیدەن بە رۆژنامە گەورەکان و کەسایەتییەکانی ئیسرائیل و، زۆر سوپاس.**

**بەرلین:** 17/3/2009

خەبات لە پێناوی گەیشتن بە "فیدراڵی" و "دیمۆکراسی" و "مافی وەکیەک"، لە چوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەردا!!!



# "ڕاگەیاندراوی هاوبەش"

هاونیشتمانانی بەڕێزا!

وەک دەزانن لە ماوەی ڕابردوودا جارێکی دیکەش خەڵکی کورد لە شاری مەریوان و دەوروبەر بە هەڵوێستی شێرانەی خۆیان دژ بە زوڵم و زۆری کۆماری ئیسلامی ئێران پەردەی سکوت و بێدەنگیان لادا، بەمانگرتن و خۆپێشاندان، نیشانیاندا کە خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی، ڕەگ و ریشەی لە ناخی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا داکوتاوە و کوشتنوبڕین و سیاسەتی قەڵاچۆکردنی ڕژیم ناتوانێ ئیرادەی نەتەوەیی کورد تێک شکێنێ.

پشتیوانی و بەشداری خەڵکی شارەکانی سەقز، بانە، سەردەشت و ... لەو هەڵوێستە ئیعترازییەی مەریوان و دەوروبەر جارێکی دیکەش دەسەلمێنێ کە نەتەوەی کورد لە سەر ویست و داوای خۆی بەردەوامە و لەو ڕێیەدا هەم خاوەن وشیاری سیاسی نەتەوەییە و هەم ئامادەگی تێکۆشانی هەیە.

ئێمە وەک بەشێک لە نوێنەرانی ڕێکخراوە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات، چالاکان و لایەنەکانی دیکەی سیاسی دانیشتووی وڵاتی سوید و نۆرویژ لە ئێوارە کۆبونەوەیەکی گشتی دا، پشتیوانی تەواوی خۆمان لەو خەبات و تێکۆشانە دەربڕین و دەنگی نارەزایەتی خۆمان لە جینایەتەکان و زوڵم و زۆری کۆماری ئیسلامی ئێران دەردەبڕین.

کۆنونەوە بۆجارێکی دیکەش پێداویستی یەکگرتوویی هێزە سیاسیەکانی وڵات و یەکگرتوویی خەباتی نەتەوایەتی کوردی سەلماند و لەو پێناوەدا، پێک هاتنی بەرەیەکی هەراوی نەتەوەیی بە بەشداری تەواوی هێزە سیاسیەکان بە ئەرک و زەرورەتی مێژوویی لە قەڵەم دا.

- **ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێری کوردستان**
- **کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان**
- **کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**
- **پلاتفۆرم**
- **پارتی ژیانی ئازادی کوردستان**
- **پارتی سەربەخۆیی کوردستان**

**13/3/2009**

# لەبیروبڕوا و پرنسیپەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

نەتەوەی کورد یەک لە نەتەوەکانی هەرەدێرینی ڕۆژهەڵاتی ناڤینە و خاوەنی شارستانییەت و مێژوویەکی کۆنی هەزاران سالەیە. نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژووی لەسەر خاکەکەی کوردستان، ژیاوە و لەسەری دەژی. لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆلۆنیالیزمی جیهانی و، کۆتایی و ئاکامەکانی شەڕی دنیاگری یەکەم، کورد و نیشتمانەکەی کوردستان، لەنێوان حکوومەتەکانی شۆڤێنیست و دیکتاتۆری ئێران و عێراق و ترکییە و سوورییە و یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو دابەشکرا. خەباتی نەتەوەی کورد لەوساتە بەملاوە پێینایە دۆخێکی دژوار و نابەرامبەرەوە و، بە دەیان ڕاپەڕینی یەک لەدواییەکی بەمەبەستی ڕزگارکردنی خاک و نیشتمانەکەی بەرپا کردووە. داگیرکەرانی کوردستان، جیا لە داگیرکردنی خاکی کوردستان، بەپێی سیاسەتێکی هاوبەش، دەستیانداوەتە ژینۆساید و تاڵانوبڕۆی سەروەت و سامان و کانزاکانی و، سووتاندن و چۆڵکردنی نێوچەکانی کوردستان و بێبەشکردنی کورد لەسامانی و، دەرکردنی لەسەر نیشتمانی باوباپیرانی.

دینەمۆ و بزوێنەری هەموو ڕابوون و بزاڤێکی نەتەوەی کورد، چ لە کۆن و چ لە ئێستا، لە نێوەرۆکی خۆیدا، بەمەبەستی ڕزگاری و سەربەستیی بووە و، هێنانی بیرۆکە و ئایدۆلۆژی دیکە نەیتوانیوە و ناتوانێ، ئەو ڕاستییە مێژووییە لەروخسار و نێوەرۆکی بزووتنەوەکانی کورد بشواتەوە.

ناکۆکیی سەرەکی و بنەڕەتیی لە کوردستان، لەنێوان داگیرکەران و، نەتەوەی کورددایە و، ئەو ناکۆکییەش بەگۆڕینی ڕژێمەکان، یان بە بەشداریکردن لە بزووتنەوەی دێمۆکراتیکی وڵاتە داگیرکەرەکاندا چارەسەر ناکرێت. لەسەر ئەم بناخەیە، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، گرێدان و بەستنەوەی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد بە چوارچێوەی سنووری جوگرافیایی داگیرکەران، لەلایەن پارتی و حیزبە سیاسییەکانی کوردستانەوە، بەلادانێکی ئاشکرا لەپرنسیپی کوردستانیی دەزانێ و، ئاگاداریان دەکاتەوە کە ئەوە شێوە خەباتە چ قازانجێکی بۆ نەتەوەی کورد و کێشەکەی تێدا نییە و نابێت. تاکە ڕێگە، پچڕانی دەسەڵاتی داگیرکەرانە لە کوردستان و، سڕینەوەی ئاسەواری پاشکەوتوویی و، دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و دێمۆکراتە لەسەرتاسەری خاکی کوردستان.

## لەم ڕوانگەیەوە، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەپێناو ئەم ئامانجانەدا تێدەکۆشێ!

- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ پەرەپێدانی هەست و بیروباوەڕی نەتەوەیی و، زیندووکردنەوەی کەسایەتیی نەتەوەیی لای مرۆڤی کورد، بۆ ئەوەی خۆی بەکورد بزانێ و، کوردستان بە موڵک و خاکی خۆی بزانێت!**
- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات لەپێناو پێکهێنانی یەکێتیی نەتەوەیی و، یەکگرتنەوەی نەتەوەی کورد. دەرکردنی داگیرکەران لە کوردستان بەڕێگەی دیپلۆماسی و، سازکردنی زەوینەی ڕاپرسییەکی سەرتاسەریی (رفراندۆم) لە کوردستان و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان!**
- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ ستاندنەوەی هەموو ئەو نێوچە و مەڵبەندانەی کە بەپێی سیاسەتی شۆڤێنیستانەی بەعەرەبکردن و بە فارسکردن و، بە ترککردنی کوردستان، لەلایەن داگیرکەرانەوە زەوتکراون و، لە خاکی نیشتمان دابڕاون!**
- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ دابینکردنی دێمۆکراسی و یەکسانیی لەسەر بناخەی بڕوابوون بە پلۆرالیزم و، جێبەجێکردنی ژیانێکی مرۆڤانە و ئازادانە و گوزەرانێکی بەختەوەرانە و سەربەرزانەی ئەوتۆ، کە شیاوی مرۆڤی ستەمدیدە و خۆڕاگری کوردبێت!**
- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان ڕێز و مافی یەکسان وەک هاووڵاتییەکی کورد، بۆ ئەو کەمینە نەتەوانە دادەنێت کە پێشینەیەکی کۆنی هەزاران ساڵەیان لە کوردستاندا هەیە و، خۆیان بە کوردستانی دەزانن!**

بەم ئەدرەسە، پێوەندیی بە جەواد مەلا سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە بگرن

Bi wê adres pêwendî legel serokayetîya kongrey NîŞtmanîya Kurdistan bigre!

Wka palingswich House
241 King Street
London W 6 9 L P UK.
wka@knc.org,uk
0044 – 208 748 78 74
0044 - 07768266005

**ئەدرەسی پێوەندی گرتن لەگەڵ برووسک ئیبراهیم**

**بەرپرسیاری دەزگەی پێوەندییەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

KNC@ribrahim.de Tele; 0049 – 82 33 80 61, Fax; 0049 – 82 33 61 21

نامە و وتار و پێشنیازی خۆتان بەم ئەدرەسە بۆ دەزگەی ڕاگەیاندنی کۆنگرە بنێرن!

Bi wê adres name û gotar û pêşnyaza xwe bo kongre bişîne!

KNC
P. B. 205 Holmlia
1204 Oslo, Norway.
post@kncscandinavia.com
0047 – 93 83 99 53

---

**"کۆنگرە" بڵاوکەرەوەی بیری ئازادی و دیمۆکراسی و سەرفرازیی نەتەوەی کوردە! بڵاوکەرەوەی بیری ڕزگاری و سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە!**

سەرنووسەر و بەرپرسیاری دەزگەی ڕاگەیاندن:
"سیروان کاوسی"

**Kongre, Blawkera bîra Rizgarî û Azadî Netewey Kurde!**
**Kongre, Blawkera bîrwbawerî kurdayetyî û Damezrandina Dewletî Serbexoy Kurdistane!**

Serniwîskar û berprsyarî Dezgy Rageyandin; Sîrwan Kawsî

---

**ئەدرەسی ماڵپەڕەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەسەر هێڵی ئینتەرنێت!**

| | |
|---|---|
| کۆنگرە ئینگلیزی: | www.knc.org.uk |
| کۆنگرە: کوردی (Latin)، عەرەبی، فارسی | www.kncscandinavia.com |
| ڕادیۆ ڕۆژاڤا: | www.rojavatv.org.uk |
| حکوومەتی ڕۆژاڤای کوردستان: | www.western-kurdistan.com |
| سایتی حکوومەتی ڕۆژاڤا (ئینگلیزی) | www.western-kurdistan.com |
| ڕادیۆ ڕۆژاڤای کوردستان لەسەر هێڵی ئینتەرنێت | http://www.radiorojava.net |
| سایتی مامۆستا جەمال نەبەز | www.jemalnebez.com |
| سایتی دوکتۆر جەواد مەلا | www.jawadmella.com |